ئینسایکلۆپیدیای کوردیی فەلسەفەی

# زانستنامە

وەشانی پی.دی.ئێفی وتاری

# سروشتی یاسا

نووسەر: ئاندریێ مارمۆر و ئەلێکساندەر سارچ

وەرگێڕ: لەیلا سەمەدی

هەڵەچنی: ئەروەند سالاری

مارمۆر، ئاندریێ؛ سارچ، ئەلێکساندەر. «سروشتی یاسا». *ئینسایکلۆپیدیای کوردیی فەلسەفەی زانستنامە* (بەهاری ۲۰۲۳). لەیلا سەمەدی (وەرگێڕ). بەستەر = <https://zanistname.com/ck/entries/nature-of-law>.

ناونیشانی وتاری ماک لە *ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفەی ستانفۆرددا*:

Marmor, Andrei; Sarch, Alexander, “The Nature of Law”, *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Fall 2019 Edition), Edward N. Zalta (ed.), URL = <https://plato.stanford.edu/archives/fall2019/entries/lawphil-nature/>.

پەڕبەندی: ئەروەند سالاری

سەرجەم مافی ئەم بەرهەمە بۆ ئینسایکلۆپیدیای کوردیی فەلسەفەی «زانستنامە» پارێزراوە

https://zanistname.com/

# سروشتی یاسا

ئاندرێی مارمۆر و ئەلێکساندەر سارچ

وەرگێڕ: لەیلا سەمەدی

یاساوانان (مافناسان) زۆرتر تامەزرۆی ئەم پرسیارەن کە یاسای پرسێکی تایبەت چییە؟ ئەمە هەمیشە پرسـیارێکی خۆجێییە و وەڵامەکانیشی بەسـتراوەتەوە بە جیاوازیی ئەو دەسەڵاتە دادگەرییە دیاریکراوە کە داوایان لێ دەکرێت. لە بەرامبەردا، فەلسـەفەی یاسـا بایەخ بەم پرسیارە گشتییە دەدات کە یاسا چییە؟ ئەم پرسیارە گشتییە سەبارەت بە سروشتی یاسا پێشەکی وای دادەنێت کە یاسا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسـیی بێهاوتایە بە تایبەتمەندیگەلێکی کەم تا زۆرێک جیهانگر (گشـتگیر) کە دەکرێت لە ڕێگەی شـیکاریی فەلسـەفییەوە فام بکرێت. مەعریفەی یاسـای گشـتی هەروەک لەم لێکۆڵینەوە فەلسـەفییە سەبارەت بە سروشتی یاسا ناو نراوە، بە واتای گشتگیربوونیەتی. و ئەم گریمانەیەی هەیە کە یاسا خاوەنی تایبەتمەندیگەلـی دیاریکراوە، بە سروشـتی خۆی، یان گەوهەری خۆی وەک یاسـا، هەر کاتێک و لە هەر شـوێنێکدا هەبێت، خاوەندارییـان لێ دەکات. هەر چۆنێک بێت ئەگەر ئـەم جۆرە تایبەتمەندییە گشتگیرانەی یاسایش هەبێت -کە جێی مشتومڕە، هەروەک دواتر باسی دەکەین- هۆکارەکان بۆ هۆگرێتیی فەلسەفییانە بۆ ڕوونکردنەوەیان جێی لێکدانەوەیە. سەرەتا، هۆگرێتیی هزریی پەتی بۆ تێگەیشتنی ئاوەها دیاردەیەکـی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆز هەیە کە بە هەر شـێوەیەک یەکێکە لە ئاڵۆزترین بوارەکانی کولتووری مرۆڤ. هەر چۆنێک بێت، یاسا هەروەها کردەوەیەکی کۆمەڵایەتیی نۆرماتیڤە (پێودانگییە): یاسا ڕێنوێنیی هەلسـوکەوتی مـرۆڤ دەکات و هۆکارگەلێک بۆ کردەوە وەدی دێنێت. هـەوڵ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە نۆرماتیڤە و هۆکاربەخشینی یاسا یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی مەعریفەی یاسای گشتییە. ئەم دوو سەرچاوە جێ بایەخە لە سروشتی یاسادا پێکەوە بەستراونەتەوە. یاسا تاکە بواری نۆرماتیڤ لە کولتووری ئێمـەدا نییە؛ ئاکار و ئایین و گرێبەسـتە کۆمەڵایەتییەکان و دابونەریت و هتد، کە بە چەندین شـێوە کە هاوشێوەی یاسان، ڕێنوێنیی ڕەوشتی مرۆڤ دەکەن. بۆیە بەشێک لەو شتانەی کە لە تێگەیشتنی سروشتی

یاسادا بەشدارن، لێکدانەوەی چۆنیەتیی جیاوازیی یاسا لەگەڵ ئەم بوارە نۆرماتیڤە هاوشێوانەیە، و چۆنیەتیی کارلێککردن لەگەڵیاندا، و ئەوەی کە ئاخۆ تێگەیشتنی بەستراوەتەوە بە دەستوورە نۆرماتیڤەکانی ئەوانی دیکە، وەک ئاکار یان گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان.

بیردۆزە یاساییە هاوچەرخەکان ئەم دوو هۆگرێتیی (بایەخە) سەرەکییە لە سروشتی یاسادا بەم مەرجانەی خوارەوە پێناسە دەکەن. سەرەتا پێویستە لەو مەرجە گشتییانە تێبگەین کە هەر نۆرمێکی واباوە (وادانراو) لەڕووی یاساییەوە باوەڕپێکراو دەکەن. بۆ نموونە ئایا تەنیا مەسەلەی سەرچاوەی نۆرمەکەیە، وەکوو دەرکردنی لە لایەن دامەزراوەیەکی سیاسیی تایبەتەوە یان مەسەلەی ناوەڕۆکی نۆرمەکەیشە؟ ئەمە پرسیاری گشتییە سەبارەت بە مەرجەکانی ڕەوایی یاسایی. دووەم، هۆگرێتی بە لایەنی نۆرماتیڤی یاسا (بوونی) هەیە. ئەم هۆگرێتیی فەلسەفییە دوو بەشە: لێکدانەوەیەکی فەلسەفیی تەواو لە نۆرماتیڤیتیی یاسا کە دوو ئەرکی ڕاڤەیی و پاساودەرانەیش لەخۆ دەگرێت. ئەرکی ڕاڤەیی بریتییە لە هەوڵ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن نۆرمە یاساییەکان دەتوانن هۆکارەکان بۆ کردەوە وەدی بێنن، و چ جۆرە هۆکارگەلێک لەبەر دەگرێت. ئەرکی پاساودان (ڕاستاندن) پێوەندیی بەم پرسیارەوە هەیە کە ئاخۆ خەڵک دەبێ لەڕووی ئاکارییەوە یان هەموو ئەو شتانەی کە ڕەچاو دەکەن، پەیڕەوی داواکارییەکانی یاسا بن. بە واتایەکی تر، هەوڵدانە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەوایی ئاکاریی یاسا و هۆکاری پابەندبوونی تاکەکانە (شوێنکەوتووان). بیردۆزێک سەبارەت بە سروشتی یاسا، بەپێچەوانەی بیردۆزە ڕەخنەییەکانی یاسا، جەخت لەسەر یەکەمین پرسیار لەو دوو پرسیارە دەکات. ئامانجی ئەم لێکدانەوەیە ئەوەیە کە نۆرماتیڤیتیی یاسا لە ڕاستیدا چی لەخۆ دەگرێت. ئەگەرچی هەندێک فەیلەسوفی یاسایی هاوچەرخ گومان لەوە دەکەن کە ئەم دوو لایەنەی نۆرماتیڤیتیی یاسا بکرێت جیا بکرێنەوە. (دواتر دەگەڕێینەوە سەری).

بۆیە ڕوونکردنەوەی مەرجەکانی ڕەوایی یاسایی و شرۆڤەی نۆرماتیڤیتیی یاسا لە دوو بابەتی سەرەکیی هەر بیردۆزێکی گشتی سەبارەت بە سروشتی یاسا پێکدێت. لە بڕگەی یەکەمدا، چەند باسێکی (مشتومڕێکی) سەرەکی لەبارەی ئەم دوو پرسە ڕوون دەکەینەوە. لە بڕگەی دووەمدا چەند باسێکی میتۆدۆلۆژییانە سەبارەت بە سروشتی مەعریفەی یاسای گشتی تاوتوێ دەکەین. لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا، دوو نەریتی فەلسەفی وەک ڕکابەری سەرەکی لەسەر سروشتی یاساییبوون دەرکەوتوون. کۆنترینەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی کریستیانی لە کۆتایی سەدەی نێوەڕاست کە پێی دەوترێت نەریتی یاسای سروشتی. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، بیردۆزەکانی یاسای سروشتی بەتوندی لە لایەن

توێژەرانی نەریتی پۆزیتیڤیزمی یاسایی وەک جێرێمی بێنتام و جۆن ئوستین کەوتنە ژێر ڕەخنە و گازەندە. ئاخێزگەی فەلسەفیی پۆزیتیڤیزمی یاسایی زۆر کۆنترە، هەرچەندە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی سیاسیی تۆماس هۆبز. مشتومڕی سەرەکیی نێوان ئەم دوو نەریتە پێوەندیی بە مەرجەکانی ڕەوایی یاساییە. لە بنەڕەتدا پۆزیتیڤیزمی یاسایی دەیسەلمێنێت و یاسای سروشتی نکۆڵی لێ دەکات کە مەرجەکانی ڕەوایی یاسایی بەتەواوی مەسەلەی فەکتە کۆمەڵایەتییەکانن. بەپێچەوانەی پۆزیتیڤیزمی یاسایی، یاسای سروشتی بانگەشەی ئەوە دەکات کە مەرجەکانی ڕەوایی یاسایی بە ڕاستییەکانی کۆمەڵایەتی تەواو نابێت، ناوەڕۆکی ئاکاریی نۆرمەکانی وادانراویش بەسەر ڕەوایی یاساییان کاریگەری هەیە. وەک ئەو وتە بەناوبانگە کە دراوەتە پاڵ سەینت ئۆگۆستین کە *lex iniusta non est lex*، واتە یاسای نادادپەروەرانە یاسا نییە.


- ١. مەعریفەی یاسای گشتی
  - ١.١ مەرجەکانی ڕەوایی یاسایی
  - ٢.١ نۆرماتیڤیتیی یاسا
- ٢. میتۆدۆلۆجیای مەعریفەی یاسا
  - ١.٢ ئامانجی بیردۆزێکی یاسا
    - ١.١.٢ ڕوانگەکانی شیکاریی چەمکی
    - ٢.١.٢ لێکۆڵینەوە لە خودی یاسا
    - ٣.١.٢ ڕوانگەی لێکۆڵینەوەی میتانۆرماتیڤ
    - ٤.١.٢ ڕوانگەی دەستووری
    - ٥.١.٢ شرۆڤەی بنیاتنەر لە مومارەسەی یاسایی
  - ٢.٢ ئاخۆ بیردۆزی یاسایی بە شێوەیەکی زاتی (خۆی لە خۆیدا) هەڵسەنگێنەرە؟
    - ١.٢.٢ پێشەکییەکان
    - ٢.٢.٢ ئایا بیردۆزی یاسایی لە واتای پەیوەندیداردا هەلسەنگێنەرە؟
- ژێدەرەکان

# ١. مەعریفەی یاسای گشتی

## ١.١ مەرجەکانی ڕەوایی یاسایی

تێڕوانینی سەرەکیی پۆزیتیڤیزمی یاسایی، کە مەرجەکانی ڕەوایی یاسایی بە ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات، دوو بانگەشەی جیاواز لەخۆ دەگرێت کە بە تێزی کۆمەڵایەتی و تێزی جیایی ناو نراون. تێزی کۆمەڵایەتی جەخت لەوە دەکاتەوە کە یاسا بەقووڵی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و مەرجەکانی ڕەوایی یاسـایی بریتییە لە ڕاستیی کۆمەڵایەتی، واتە ڕاستییە نانۆرماتیڤەکان. پۆزیتیڤیستە یاساییە سەرەتاییەکان بە دوای تێڕوانینی هۆبز کەوتن کە یاسـا لە بنچینەدا ئامرازی سـەروەریی سیاسییە و ئەوان باوەڕیان وایە کە سەرچاوەی بنچینەیی ڕەوایی یاسایی لەو ڕاستییانەی کە پێکهێنەری سەروەریی سیاسین، جێگیرە. ئەوان پێیان وا بوو کە یاسـا لە بنەڕەتدا فەرمانی دەسەڵاتدارە. دواتر پۆزیتیڤیستە یاساییەکان سووکە گۆڕانێکیان بەسـەر ئەم بۆچوونەیان هێنا و باوەڕیان وا بوو کە ئەوە ڕێسـا کۆمەڵایەتییەکانن کە بنچینەی یاسا پێک دەهێنن، نە ڕاسـتییەکان لەسەر سەروەریی. زۆربەی پۆزیتیڤیستە یاساییەکانی هاوچەرخ ئەو بۆچوونەیان هاوبەشە کە ڕێساکانی ناسینەوە هەن، واتە ئەو ڕێسا یان گرێبەستە کۆمەڵایەتییانە کە دیاریکەری ڕاستی یان ڕووداوگەلێکی تایبەتن کە ڕێگاکان بۆ دروستکردن، گۆڕین (ڕاستکردنەوە) و بەتاڵکردنەوەی ستانداردە یاسـاییەکان دابین دەکەن. ئەم ڕاسـتییانە، وەک کردەوەی یاسـادانان یان بڕیاری دادوەری، سەرچاوەی یاسـان کە بە شێوەیەکی ئاسایی وەک لە هەر سیسـتەمێکی یاسایی هاوچەرخدا دیاری کراون. یەکێک لە ڕێگاکانی تێگەیشـتن لە پێگەی پۆزیتیڤیستیی یاسـایی لێرەدا ئەوەیە کە وەک فۆرمێکی داشکاندن ببینین: پۆزیتیڤیزمی یاسایی لە بنەڕەتدا لەسەر ئەم باوەڕەیە کە ڕەوایی یاسایی بۆ فەکتگەلێک لە جۆری نانۆرماتیڤ دادەشکێت، واتە ڕاستییەکان دەربارەی هەڵسوکەوت و باوەڕ و ئاراستەکانی خەڵک.

یاسـاوانە سروشـتییەکان نکۆڵی لەم تێڕوانینە دەکەن، و سوورن لەسـەر ئەوەی کە نۆرمێکی واباوە ناتوانێـت لە ڕووی یاسـاییەوە ڕەوا بێـت مەگەر لە لێواری ڕەوشـتێکی دیاریکراودا تێپەڕێت. یاسـای پۆزەتیڤ دەبێت لە ناوەڕۆکی خۆیدا لەگەڵ هەندێک بڕگەی بنەڕەتیی یاسـای سروشـتیدا واتە ڕەوشتی جیهانی ڕێک بخرێت بۆ ئەوەی لە بنەڕەتدا ببێتە یاسا. بە واتایەکی دیکە، یاساوانە سروشتییەکان باوەڕیان وایە کە ناوەڕۆکە ئاکارییەکان یان شـیانی (لێهاتوویی) نۆرمەکان، نەک تەنیا بنچینە کۆمەڵایەتییەکانیان، هەروەها بەشێک لە مەرجەکانی ڕەوایی یاسایی پێک دەهێنن. و دیسان دەکرێت ئەم پێگەیە (بارودۆخە) وەک چەمکێکی ناداشـکێنەری یاسـا سـەیر بکرێت، لەسـەر ئەم باوەڕە کە ڕەوایی یاسایی بۆ ڕاستییە

نانۆرماتیڤەکان کەم ناکرێتەوە. بڕوانە سەروشەی بیردۆزەکانی یاسای سروشتی.

تێزی جیایی، ئاماژەیەکی نێگەتیڤی گرنگە بۆ تێزە کۆمەڵایەتییەکان، بەم باوەڕە کە جیاوازیی چەمکی هەیە لە نێوان یاسا و ئاکاردا، واتە لە نێوان ئەوەی یاسا چییە و یاسا دەبێت چی بێت. بە هەر شێوە، لەسەر تێــزی جیایی زۆر جار زیادەڕەوی کراوە. هەندێک جار وا بیریان دەکردەوە کە یاســای سروشــتی ئەمە دەپەرژێنێت و پۆزیتیڤیزمی یاسایی حاشای لێ دەکات کە یاسا بەپێی پێویست، لە ڕووی ئاکارییەوە باشە یان ئەوەی کە دەبێت یاسا لانیکەم هەندێک ناوەڕۆکی ئاکاریی هەبێت. تێزە کۆمەڵایەتییەکان بەدڵنیاییەوە پێویستیان بە نادروستبوونی ئەم گریمانەیە نییە کە لە یاسادا شتێکی حەتمەن باش هەیە. پۆزیتیڤیزمی یاسایی دەتوانێت ئەو بانگەشــەیە قبووڵ بکات کە یاسا بەپێی سروشت یان کردەوە بنەڕەتییەکانی لە کۆمەڵگادا، شــتێکی باشە کە شایەنی پێزانینی ئاکاریی ئێمەیە. هەروەها پۆزیتیڤیزمی یاساییش ناچار نییە نکۆڵی لەو بانگەشەیە قایلکەرە بکات کە یاسا لە هەر شوێنێکدا هەبێت دەبێت ڕەچەتەی (ڕێنوێنی) زۆری هەبێت کە لەگەڵ ڕەوشــتدا هاوتەبا بێت. لەوانەیە لە نێوان ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی یاسا و ڕەوشتدا، تێکەڵبوونێکی بەرچاو هەبێت، و لەوانەیە پێویســت بێت. جارێکی تر، تێزی جیایی کە بە دروســتی فام کراوە، تەنها بە مەرجەکانی ڕەوایی یاســاییەوە بەســتراوەتەوە. و جەخت لەوە دەکاتەوە کە مەرجەکانی ڕەوایی یاسایی پشت نابەســتێت بە بەها ئاکارییەکانی ئەو نۆرمانەی کە جێی پرسیارن. چییەتیی یاسا ناتوانێت پشت بەو شتەی کە دەبێت لە بارودۆخی پێوەندیداردا هەبێت، ببەستێت.

زۆرێک لە پۆزیتیڤیستە یاساییە هاوچەرخەکان ئەم داڕشتنە لە تێزی جیایی قبووڵ ناکەن. قوتابخانەیەکی هزریی هاوچەرخ، کە بە پۆزیتیڤیزمی یاســایی گشتگیر ناو دەبرێت، تێزی کۆمەڵایەتی پەسەند دەکات، بەو واتایە کە مەرجە سەرەتاییەکانی ڕەوایی یاسایی لە ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگیرێت، وەک ڕێسا یان گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ڕوو دەدەن. بەڵام، پۆزیتیڤیستە یاساییە گشــتگیرەکان باوەڕیان وایە کە ڕەوایی یاســایی هەندێک جار بە ناوەڕۆکــە ئاکارییەکانی نۆرمەکانەوە بەســتراوەتەوە، بە پشتبەستن بەو گرێبەســتە تایبەتانەی کە لە هەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا زاڵ (باو) دەبێت. ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییانەی کە لەسەر بنەمای ئەوان یاسا دیاری دەکەین، لەوانەیە ئەگەرچی پێویســت ناکات، ئاماژە بە ناوەڕۆکی ئاکاری وەک مەرجی یاســاییبوونی تێدا بێــت (بۆ نموونە بڕوانە، Waluchow 1994).

نەریتی یاسای سروشتی لە سەدەی بیستەمدا کەوتە بەر گۆڕانکارییەکی بەرچاو، زۆرتر لەبەر وەشانە

کلاسـیک و بەناوبانگەکەی کە ڕووبەڕووی بەرهەڵسـتی ئاشکرا سـەبارەت بە تێڕوانینە سەرەکییەکەی بووەوە: زۆر زەحمەتە بمانەوێ بانگهێشـتی ئەوە بکەین کە یاسای خراپ لە ڕووی ئاکارییەوە یاسا نییە. ئەو بیرۆکەیەی کە یاسا دەبێت وەک خۆی لە جۆرێک فلتەرێکی ڕەوشتییەوە دەربچێت بۆ ئەوەی بە یاسا بژمێردرێت، زۆربەی یاساوانان لەگەڵ ئەو دنیا یاساییەی کە ئێمە دەیناسین، بە ناتەبای دەزانن. لەبەر ئەوە یاساوانە سروشتییە هاوچەرخەکان لێکدانەوەی جیاواز و وردتریان لەسەر بنچینەی یاسای سروشتی پێشنیار کردووە. بۆ نمونە، جۆن فینیس (١٩٨٠) یاسای سروشتی (لە وەشانە تۆمیستەکەیدا) وەک سنوورێک بۆ ڕەوایی یاسایی یاسا ئەرێنییەکان نابینێت، بەڵکوو بە شێوەی سەرەکی وەک دەرخستنێکی نمونەیی یاسا بەتەواوی، یان بەرزترین مانا، بە جەختکردن لەسەر ئەو ڕێگایانەی کە یاسا بەپێی پێویست چاکەی گشتی بنیات دەنێت، دەیبینێت. وەک پێشتر تێبینیمان کرد، بەڵام ڕوون نییە کە تێڕوانینێکی لەو شێوەیە سەبارەت بە ناوەڕۆکی ڕەوشتیی پێویست لە یاسادا لەگەڵ ناوەڕۆکە سەرەکییەکانی پۆزیتیڤیزمی یاسایی ناتەبا بێت. تا ئەو ڕادەیەی لێرەدا مشتومڕێک هەیە کە میتافیزیکییە دەربارەی ئەوەی کە چ شتێک بۆ یاسا گەوهەری یان پێویستە، و سەبارەت بەوەی کە ئایا پێویستە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی یاسا لە ڕووی تەلەلۆجییەوە[1] ڕوون بکرێنەوە یان نا. پۆزیتیڤیستە یاساییەکان حەز ناکەن لەسەر باسی تەلەلۆجیای یاسادا لە درێژایی ئەو هێڵانـەی کە فینیس دیاریی کردوون، بەقووڵی بدوێن، بەڵام ئەگەر ئەوان پێویسـتیان بە نکۆڵیکردن لەو پرۆژە میتافیزیکیانە هەبێت ئەوا ڕوون نییە.

ئەو بیرۆکەیەی کە مەرجەکانی ڕەوایی یاسـایی بە لانیکەمەوە بەشـێکن لە ناوەڕۆکە ڕەوشـتییەکان یان لێهاتوویی (شیانی) نۆرمەکان بە شێوەیەکی کارامە لە لایەن بیردۆزی یاسایی ڕۆناڵد دۆرکینەوە باس دەکرێت. دۆرکین مافناسـێکی سروشتیی کلاسـیکی نییە، هەر چۆنێک بێت لەسەر ئەو بڕوایەدا نییە کە ناوەڕۆکی پەسەندکراو لە ڕووی ئاکارییەوە پێشمەرجی یاسایی نۆرمێکە. بیرۆکەی سەرەکیی ئەو ئەوەیە کە جیاوازیی نێوان ڕاسـتییەکان و بەهاکان لە بواری یاسـاییدا، لە نێوان ئەوەی کە یاسـا چییە و دەبێت چی بێت، زۆر تاریکترە لەوەی کە پۆزیتیڤیزمی یاسـایی هەیبێت: دیاریکردنی ئەوەی کە یاسا لە کەیسە تایبەتەکاندا چییە، بەناچاری پەیوەسـتە بە تێبینییە سیاسـی-ئاکارییەکان دەربارەی ئەو بابەتەی کە دەبێ بێت. حوکمە هەڵسەنگێنەرەکان، دەربارەی یاسای قایلکەر کە پێویستە هەبێت یان دەبێت چی هەبێت،

---

١. Teleological، یان سەر بە مەبەستباوەڕی، بیروباوەڕێکی فەلسەفی کە دەڵێت هەموو دیاردەیەکی سروشتی بۆ مەبەستێک و بەپێی نەخشەیەکی تایبەتی ڕوو دەدات نەک هەر لە خۆیەوە. (وەرگێڕ)

تا ڕادەیەک دیاری دەکات کە یاسا لە ڕاستیدا چییە.

بیردۆزی یاسـایی دۆرکین پشـتی بە ڕەتکردنەوەی گشـتی لە جیاوازیی کلاسـیکی بەها–ڕاسـتی نەبەستووە، ئەوەندەی کە لەسەر بنەمای چەمکێکی دیاریکراو لە بەڵگاندنی یاساییە. ئەم چەمکە بە دوو قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە. لە دەیەی ١٩٧٠دا دۆرکین (١٩٧٧) باسی ئەوەی کرد کە هەڵەی پۆزیتیڤیزمی یاسـایی لەو ڕاستییەدایە کە ناتوانێت ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە بنەما یاسـاییەکان لە یاسادا دەیگێڕن، شرۆڤە بکات. دورکین پێی وا بوو کە پۆزیتیڤیزمی یاسـایی پێی وایە کە یاسـا تەنیا لە ڕێساکان پێکهاتووە. هەر چۆنێک بێت، ئەمە هەڵەیەکی جددییە، چونکە جگە لە ڕێساکان، یاسا بەشێکی بە بنەما یاساییەکان دیاری دەکرێت. جیاوازیی نێوان ڕێساکان و پرەنسیپەکان (بنەماکان) جیاوازییەکی لۆجیکییە. دۆرکین باوەڕی وا بوو ڕێساکان بە شێوەی «هەمووی یان هیچ» جێبەجێ دەبن. ئەگەر یاسا بەسەر بارودۆخەکەدا جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەرەنجامێکی یاسایی دیاریکراو دیاری دەکات. ئەگەر جێبەجێ نەکرێت، ئەوە بەتەواوی بە ئەنجامەکەوە پێوەندیی نییە. لە لایەکی دیکەوە، پرەنسیپەکان ئەنجامێک دیاری ناکەن تەنانەت ئەگەر بەڕوونی جێبەجێی بکەن بۆ بارودۆخێکی دیاریکراو. پرەنسیپەکان هۆکارێکی یاسایی بۆ دادوەران دابین دەکەن بۆ بڕیاردان لەسـەر کەیسەکە بە هەرشێوەیەک، و بەو هۆیەشەوە تەنیا لە ڕەهەندێکەوە قورساییان هەیـە. واتە ئەو هۆکارانەی کە بنەماکە دابینیان کردووە لەوانەیە تا ڕادەیەک بەهێز بن، یان لاواز بن، بەڵام هەرگیـز «ڕەها» نین. ئەم هۆکارانە، لە لایـەن خۆیانەوە، ناتوانن دەرەنجامێک دیـاری بکەن، هەروەک یاساکان ئەنجامی دەدەن.

هـەر چۆنێک بێت، سەرنجڕاکێشـترین و لە ڕوانگەیەکی پۆزیتیڤیسـتییەوە، پرکێشـەترین لایەنی پرەنسیپە یاسـاییەکان، لە ڕەهەندە ئاکارییەکەیانەوە پێک دێت. بەپێی بیردۆزی دۆرکین، جیاواز لە ڕێسا یاسـاییەکان، کە لەوانەیە پەیوەندیی بە ڕەوشـتەوە هەبێـت یان نەبێت، پرەنسـیپەکان ناوەڕۆکەکەیان لە بنچینەدا مۆراڵین. لە ڕاسـتیدا بەشێکی ڕەچاوکردنی ئاکارییە کە دیاری دەکات ئایا پرەنسیپێکی یاسایی هەیە یان نا؟ بۆچی؟ چونکە بە باوەڕی دۆرکین پرەنسـیپێکی یاسـایی بوونی هەیە ئەگەر ئەو بنەمایە لە باشترین لێکدانەوەی ئاکاری و سیاسیی بڕیاری دادوەری و یاسادانانی ڕابردوو لە بوارە پەیوەندیدارەکاندا پەیڕەوی بکات. بە واتایەکی تر، پرەنسـیپە یاسـاییەکان کەشـێکی نێوەندی لە نێوان ڕێسا یاساییەکان و بنەما ئاکارییەکان داگیر دەکەن. ڕێسـا یاساییەکان لە لایەن دامەزراوە ناسراوەکانەوە دانراون و ڕەواییان لە سەرچاوەی دەرچوونیان وەرگیراوە. پرەنسیپە ئاکارییەکان ئەو شتەن کە بەهۆی ناوەڕۆکیانەوەن و ڕەواییان

بەتەواوی بەستراوەتەوە بە ناوەڕۆکەوە. لە لایەکی ترەوە، بنەما یاساییەکان ڕەوایی خۆیان لە تێکەڵەیەک لە تێبینییە سەرچاوەتەوەر و ناوەڕۆکتەوەرەکان بەدەست دەهێنن. هەروەک دۆرکین لە گشتیترین وتەی باسی دەکات: «بەپێی یاسا وەک پێکهاتەیەکی یەکپارچە، گوزارشتە (دەربڕینە) یاساییەکان لە کاتێکدا دروستن کــە لە بنەمای دادپەروەری، بێلایەنی، و ڕەوتی دادوەری کە باشــترین لێکدانەوەی بنیاتنەر بۆ کردەوەی یاســایی کۆمەڵگا دابین دەکەن، نەخشێنراون یان پەیڕەوی لێ دەکەن» (Dworkin ١٩٨٦, ٢٢٥). کەواتە ڕەوایی پرەنسیپێکی یاســایی لە تێکەڵەیەک لە ڕاستییەکان و تێبینییە ئاکارییەکان وەرگیراوە. ڕاستییەکان پێوەندییان هەیە بە بڕیارە یاســاییەکانی ڕابردوو کە لە بوارە پەیوەندیدارەکاندا ڕووی داوە و ڕەچاوکردنی ڕەوشت و سیاســەتیش پەیوەندیی بەو شــێوازانەوە هەیە کە دەکرێت ئەو بڕیارانەی ڕابردوو بە باشترین شێوە بە بنەما ڕەوشتییە دروستەکان شرۆڤە بکرێت.

پێویســت ناکات بڵێین ئەگەر لێکدانەوەیەک لەم شــێوەیە لە بنەما یاســاییەکان ڕاست بێت، چیتر تێزی جیایی ناکرێت بپارێزرێت (بمێنێتەوە). بەڵام زۆرێک لە فەیلەسووفانی یاسایی گومانیان لە بوونی پرەنســیپی یاســایی لەو جۆرەی دۆرکین مەزەنــدەی دەکرد، هەیە. ئەڵتەرناتیڤێــک هەیە کە ڕێگایەکی سروشتیترە بۆ شرۆڤەی جیاوازیی نێوان ڕێساکان و بنەماکان لە یاسادا: جیاوازیی پەیوەندیدار پەیوەندی بە ئاستی گشتێتی یان ناڕوونی ئەو نۆرم-کردەیە هەیە کە لە لایەن نۆرمی یاسایی گونجاو دیاری کراوە. نۆرمە یاســاییەکان دەتوانن زیاتر یان کەمتر گشتی یان ناڕوون بن، لە پێناسەکەیاندا بۆ ئەو نۆرم-کردەیە کە یاسا دایناوە و هەرچی گشتیتر یان ناڕوونتر بن، زیاتر بەرەو ئەوە دەچن کە ئەو تایبەتمەندییە نیمچەلۆژیکییانەی دۆرکین بۆ پرەنسیپەکانیان هەبێت. لە هەمووی گرنگتر، سەرنج بدەن کە ئەگەر ڕەوایی یاسایی نۆرمەکان وەک بنەما یاســاییەکان، پشت بە بەڵگاندنی ئاکاری ببەســتێت، ئەوا ڕێگە بەو ئەگەرە دەدەن کە هەموو کۆمەڵگایەکی یاسایی یاساکانی خۆیان بە هەڵە وەربگرن. هەر هەڵەیەکی ئاکاری لە لێدوانەکە کە دەبێتە هۆی پرەنســیپێکی یاســایی لەوانەیە دەرەنجامەکە ســەبارەت بە بنەماکە ناڕاســت دەربخرێت و خودی پرەنسیپەکە بەم شێوەیە لە ڕووی یاساییەوە ڕەوا نییە.

چونکە هیچ شــتێک نییە بۆ ڕێگەگرتن لە دادوەران و ئەکتەرە یاساییەکانی تر لە هەڵە ڕەوشتییەکان، هیچ شــتێک نییە ڕێگە لە ئەنجامێک بگرێت کە بەپێی یاســایەکی تەواوی کۆمەڵگا بۆ ماوەیەکی زۆر یاســاکانی خۆیان بە هەڵە وەردەگــرن (Marmor ٢٠١١, chapter ٤). لەوانەیــە دۆرکین ئەم بابەتەی بە کێشەســاز نەدەزانی، بەڵام لە لایەن کەسانی تر ئەگەری هەیە؛ ئەو بیرۆکەیەی کە هەموو کۆمەڵگایەکی

یاسایی دەتوانێت بە شێوەیەکی سیستەماتیک دەربارەی یاساکانی خۆی هەڵە بکات، لەوانەیە بیردۆزوانە یاساییەکان بەتوندی گیرۆدەی کێشە بکات.

دۆرکین لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا تێڕوانینەکانی لەبارەی ئەم بابەتانەوە ڕادیکاڵ کرد، و هەوڵ دەدات بیردۆزی یاسایی دژە پۆزیتیڤیستیی خۆی لەسەر بیردۆزی گشتیی شرۆڤە(کردن) بناسێنێت و جەخت لە سروشتی شرۆڤەیی قووڵی یاسا بکات. سەرەڕای ئەوەی کە بیردۆزی شرۆڤەیی یاسای دۆرکین زۆر ئاڵۆز و دژوارە، بەڵام دەکرێت گەوهەری مشتومڕەکەی لە لێکدانەوەکە بە شێوەیەکی سادە پوخت بکرێتەوە. ئارگیومێنتی سەرەکی لە دوو بینای سەرەکی پێک دێت. یەکەم تێز لەسەر ئەم باوەڕەیە کە دیاریکردنی ئەو شتەی کە یاسا پێویستی پێیەتی لە هەر کەیس و حاڵەتێکی تایبەتدا بە مەرجی هۆکار و بەڵگەی لێکدانەوەیە. هەر لێدوانێک لەم فۆرمە کە «بەپێی یاسا لە Sدا، x لە ئاست yدا ماف/ئەرکێکی هەیە، هتد» دەرەنجامی هەندێک شرۆڤە یان بابەتی دیکەیە. ئێستا بەپێی گریمانەی دووەم ڕاڤە (شرۆڤە) هەمیشە تێبینیگەلی هەڵسەنگێنەرانەی لەخۆ گرتووە. بە شێوەیەکی وردتر ڕەنگە شرۆڤەکردن نە بەتەواوی مەسەلەی دیاریکردنی ڕاستییەکان بێت و نە مەسەلەی بڕیاری هەڵسەنگاندن خۆی لە خۆیدا بێت، بەڵام تێکەڵەیەکی جیانەکراو لە هەردووکیانە. بە ڕوونی، کەسێک کە هەردوو ئەم تێزانە قبووڵ بکات، دەبێت بەو ئەنجامە بگات کە تێزی جیایی بە شێوەیەکی بنچینەیی ناتەواوە. ئەگەر ئەوەی دۆرکین دەربارەی هەردوو ئەم تێزانە ڕاست بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە دوای ئەوە دێت کە دیاریکردنی ئەو شتەی کە یاسا پێویستی پێیە هەمیشە تێبینیگەلی هەڵسەنگێنەرانەی تێدایە.

جێی ئاماژەیە کە یەکەم گریمانەی ئارگیومێنتی گشتیی دۆرکین زۆر مشتومڕ هەڵدەگرێت. هەندێک لە فەیلەسووفانی یاسایی باسی ئەوەیان کردووە کە هۆکاری یاسایی بە تەواوی شرۆڤەیی نییە وەک دۆرکین وای دادەنێت. بەپێی ئەم تێڕوانینە، کە ماوەیەکی زۆرە لە لایەن هارتەوە (Hart 1961, chapter 7) پارێزراوە، شرۆڤەکردن ئاوارتەیەکە بۆ تێگەیشتنی ستانداردی زمان و پەیوەندییەکان، کە تەنیا کاتێک پێویستە کە یاسا لەبەر هەندێک هۆکار ناڕوون بێت. هەر چۆنێک بێت، لە زۆربەی حاڵەتە ستانداردەکاندا، یاسا بە سادەیی دەکرێ فام بکرێت، و جێبەجێ بکرێت، بەبێ نێونجیگەریی شرۆڤەکردن (Marmor 2011, chapter 6).

بیردۆزی یاسایی دۆرکین هەندێک تێگەیشتنی تایبەتی لەگەڵ دەقی گشتگیری پۆزیتیڤیزمی یاسایی دابەش دەکات. سەرنج بدەن کە هەرچەندە هەم دۆرکین و هەم پۆزیتیڤیستە یاساییەکان ئەو بۆچوونەیان

هاوبەشە کە ڕەوشت و ڕەوایی یاسایی لە نزیکەوە پەیوەندییان هەیە، لەسەر بنەمای ئەم پەیوەندییە جیاوازییان هەیە. دۆرکین پێی وایە کە پشتبەستنی ڕەوایی یاسایی بە تێبینییە ڕەوشتییەکان یەکێک لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی یاسایە کە لە سروشتی شرۆڤەیی قووڵی یاساوە دێت. لە لایەکی ترەوە، پۆزیتیڤیزمی گشتگیر پێی وایە کە ئەو جۆرە پشتبەستنە بە ڕەوایی یاسایی لەسەر تێبینیی ڕەوشتی شتێکی ڕێتێچوویە، و لە سروشتی یاسا یان بە بەڵگەهێنانەوەی یاسایی وەک ئاوەها بابەتێک وەرناگیرێت. پۆزیتیڤیستە گشتگیرەکان تێزی کۆمەڵایەتی قبووڵ دەکەن، ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تێبینییە ڕەوشتییەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەوایی یاسایی هەیە تەنیا لەو حاڵەتانەدا کە لە لایەن ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان یان ئەو گرێبەستانەی کە لە سیستەمێکی یاسایی تایبەت دەسەپێنرێت. پەیوەندیی ڕەوشت لە هەر سیستەمێکی یاسایی تایبەت بەپێی ناوەڕۆکی گونجاوی گرێبەستەکانی ئەو کۆمەڵگایە دابین دەکرێت. بە پێچەوانەی هەردوو ئەم تێڕوانینە، پۆزیتیڤیزمی نەریتی، یان وەک ئەوەی ئێستا پێی دەگوترێت، پۆزیتیڤیزمی یاسایی تایبەتی، لەو باوەڕەدایە کە ڕەوایی یاسایی نۆرمێک هیچکات پشت بە ناوەڕۆکە ئاکارییەکەی نابەستێت. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، ڕەوایی یاسایی بەتەواوی بە سەرچاوە ڕاستەقینە ناسراوەکانی یاسا پشت دەبەستێت.

ڕەنگە جێی سەرنج بێت کە ئەو بیردۆزە یاساییانەی لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕەوایی یاسایی تا ڕادەیەک پشت دەبەستێت بە تێبینییە ڕەوشتییەکان هەروەها دەبێت لە ڕوانگەی دیاریکراو سەبارەت بە سروشتی ڕەوشت هاوبەش بن. کە ئەوانیش دەبێت هەڵوێستی ئۆبژێکتیڤ بگرن بە ڕێزگرتن لە سروشتی بەها ئاکارییەکان. دەنا ئەگەر بەها ئاکارییەکان ئۆبژێکتیڤ نەبن و یاساییبوون پەیوەست بە ڕەوشتەوە بێت، یاساییبوونیش سوبژێکتیڤ دەبێت، و بەرەوڕووی کێشە و پرسیارگەلی جددی بۆ ئەم پرسە دەبینەوە کە چۆن یاسا دیاری بکەین. هەندێک لە بیردۆزە یاساییەکان هەرچەندە سوورن لەسەر سوبژێکتیڤبوونی حوکمە ئاکارییەکان، بەم شێوەیە ئەو دەرئەنجامە گوماناوییانەی کە لەسەر سروشتی یاسا پەیڕەوی دەکەن لە ئامێز دەگرن. بەپێی ئەم بیردۆزە گوماناوییانە، یاسا بەڕاستی زۆر پشت بە ڕەوشت دەبەستێت، بەڵام هەروەک ئەم بیردۆزەوانانە وای دادەنێن کە ئاکار بە تەواوی سوبژێکتیڤە، تەنیا ئەوە دەر دەخات کە چۆن یاسایش بەقووڵی سوبژێکتیڤە، و هەمیشە بۆ باسکردن پەل دەهاوێژێت. ئەم ڕێبازە گوماناوییە، کە لە ئەدەبیاتی پۆستمۆدێرنیستیدا باوە، بە شێوەیەکی گرنگ پشت بە بیردۆزێکی سوبژێکتیڤیتیی بەهاکان دەبەستێت، کە بە دەگمەن لەم ئەدەبیاتەدا بە شێوازێکی ئاڵۆزەوە باسی دەکرێت.

## ٢.١ نۆرماتیڤیتیی یاسا

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی یاسا بە دامەزراوەیەکی زۆرەملێیانە ناسراوە کە لەڕێگەی هەڕەشە و توندوتیژییەوە داخوازییە پراکتیکییەکانی خۆی جێبەجێ دەکات. ئەم خەسڵەتە ئاشکرایەی یاسا وای کردووە بۆ هەندێک لە فەیلەسووفەکان زۆر فریودەر بێت کە وای دابنێن نۆرماتیڤیتیی یاسا لە ڕەهەندی زۆرەملێیانەیدا جێ دەگرێت. ئەگەرچی تەنانەت لەنێو نەریتی پۆزیتیڤیستیی یاسایی، ڕەهەندی زۆرەملێیانەی یاسا مشتومڕی توندی لێ کەوتووەتەوە. پۆزیتیڤیستە یاساییە سەرەتاییەکان، وەک بێنتام و ئۆستن، باوەڕیان وا بوو کە زۆرەملێبوونی یاسا تایبەتمەندییەکی بنچینەیی یاسایە، کە لە پانتاییە نۆرماتیڤەکانی تر جیای دەکاتەوە. پۆزیتیڤیستە یاساییەکان لە سەدەی بیستەمدا لایەنگری ئەمە بوون کە نکۆڵی لەمە بکەن و باوەڕیان وا بوو کە زۆرداری نە بۆ یاسا گرنگە و نە لە ڕاستیدا تەوەرە بۆ بەجێهێنانی کارەکانی (ئەرکەکانی) لە کۆمەڵگادا. پێش ئەوەی ئێمە کێشە جۆراوجۆرەکانی بەشدار لەم مشتومڕەدا هەڵبوەشێنینەوە، ڕەنگە جێی ئاماژە بێت کە مشتومڕ لەسەر لایەنی زۆرەملێیانەی یاسا نموونەیەکی باشە لە دیبەیتەکانی نێو فەلسەفەی یاسادا کە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە لەوانەیە تایبەتمەندییەکی گرنگ یان پێویست بێت لە یاسادا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی دەرکەوتە تایبەتەکانی لەم یان لەو سیستمی یاساییدا. چۆن لەم بانگەشانە سەبارەت بە گەوهەری یاسا تێبگەین و پرسیاری ئەوەی کە ئایا ئەم بانگەشانە دەربارەی میتافیزیکن یان شتێکی تر، لەوانەیە دەربارەی ڕەوشتەوە بێت، کە لە بەشی (١.٢) باس دەکرێت.

بگەڕێینەوە بۆ لایەنی زۆرەملێیانەی یاسا، لێرەدا چەندین کێشە لە ئارادایە و دەبێت بە وریاییەوە جیایان بکەینەوە. جۆن ئۆستن ناسراوە لەسەر ئەم باوەڕە کە هەریەکەو لە نۆرمێکی یاسایی، بەم شێوە دەبێت هەڵگری هەڕەشەیەک بێت کە لە لایەن سزاوە پشتگیری دەکرێت. ئەمە بە لایەنی کەمەوە دوو بانگەشەی جیا لەخۆ دەگرێت: لە مانای یەکەمدا دەتوانرێت وەک تێزێک سەبارەت بە چەمکی یاسا فام بکرێت و ئەوەی پێی دەڵێین یاسا تەنیا ئەو نۆرمانە بێت کە لە لایەن سزاکانی سەروەریی سیاسییەوە پشتگیری دەکرێن. لە مانای دووەمدا، هەرچەندە کەمتر لەوەی یەکەم کێشەی لەسەر نییە، پەیوەندیی نزیکی نێوان یاسا و هەڕەشەی سزاکان، تێزێکە لەسەر نۆرماتیڤیتیی یاسا. ئەوە تێزێکی داشکانباوەڕانە دەربارەی کاراکتەری نۆرماتیڤی یاسایە، بە ڕەچاوکردنی ئەو بابەتە کە نۆرماتیڤیتیی یاسا لە توانمەندیی بابەتەکاندا پێک دێت بۆ پێشبینیکردنی ئەگەرەکانی ڕوودانی سزا یان خراپە و خواستە گریمانکراوەکانیان بۆ خۆلادان لێی.

جگــە لەم مشــتومڕە دیاریکراوە، پرســیارێکی تر هەیە ســەبارەت بە گرنگیی ڕێژەیی ســزاکان بۆ توانانمەندیی یاســا بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی. بۆ نموونە، هانس کێلسن باوەڕی وا بوو کە قۆرخکردنی توندوتیژی لە کۆمەڵگادا و توانمەندیی یاسا بۆ سەپاندنی داواکارییەکانی بە ئامرازگەلی توندوتیژانە گرنگترین کارکرد و ئەرکی یاســا لە کۆمەڵگادایە. پۆزیتیڤیستە یاساییەکانی سەدەی بیستەم، وەک ئێچ. ئێڵ. ئەی. هارت و جۆزێف ڕاز، نکۆڵی لەمە دەکەن و لەم باوەڕەدان کە ئەو لایەنە زۆرەملێیەی یاســا زۆر لە پەراوێزتردایە لەوەی کە پێشــینیانیان وایان بۆ دادەنا. جارێکی تر، مشتومڕەکە لێرە لە ڕاستیدا دوو ئەوەندەیە: ئایا ناچارکردن بۆ کارێک کە یاسا جێبەجێی دەکات پێویستە؟ و تەنانەت ئەگەر بە گرنگ نەزانرێت، بە بەراورد لەگەڵ کردەوەکانی تری یاسا کە لە ژیانماندا جێبەجێ دەکرێت، چەندە گرنگە؟

شرۆڤەی داشــکانباوەڕانەی ئۆستن لە نۆرماتیڤیتیی یاســا، بەو باوەڕە کە لایەنی نۆرمانیڤی یاسا تەنیا لــە حــەزی تاکەکان بۆ خۆلادان لە ســزاکان پێک دێت، بە شــێوەیەکی فراوان لە لایــەن ئێچ ئێڵ ئەی هارتەوە کەوتە بەر ڕەخنەی توندەوە. بەرهەڵەســتی بنەڕەتیی هارت بۆ شرۆڤەی داشکانباوەڕانەی ئۆستن لە نۆرماتیڤیتیی یاسا لەسەر شرۆڤەکەی خۆی ئەوەیە کە «لێکدانەوەی پێشبینییانە ئەو ڕاستییە دادەپۆشێت کە ڕێساکان لە هەر کوێ بن لادان نییە لێیان، و نەتەنیا بەستێنێکە بۆ پێشبینیکردنی ئەوەی کە کاردانەوەی نەیارەکانی لێ دەبێتەوە... بەڵکوو بە هۆکارێک یان پاساوێک بۆ ئەم جۆرە کاردانەوەیە و جێبەجێکردنی ســزاکان دادەنرێت» (Hart 1961, 82). ئەم جەختکردنە لەسەر کردەوەی هۆکاربەخشینی ڕێساکان بە دڵنیاییەوە دروستە، بەڵام لەوانەیە بەس نەبێت.

لایەنگرانی شرۆڤەی پێشبینییانە دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەوە تەنیا پرسیاری زیاتر دەپرسێت کە بۆچی پێویستە خەڵک ڕێساکانی یاسا وەک هۆکار یان پاساو بۆ کارەکان دابنێن. ئەگەر بۆ نموونە، تەنیا لەبەر ئەوەی کە یاسا دەبێتە دابینکەری سزایەکی کارا، ئەوا مۆدێلی پێشبینییانەی نۆرماتیڤیتیی یاسا لەوانەیە دروســت بێت. بە واتایەکی تر، بەرهەڵســتی بنەڕەتیی هارت بۆ مۆدێلی پێشــبینییانە لە ڕاستیدا ئەنجامی تێڕوانینی ئەوە سەبارەت بە کارە سەرەکییەکانی یاسا لە کۆمەڵگادا، بە پێچەوانەی ئۆستن و کێلسن، لەسەر ئەو باوەڕەدایە کە ئەو کردەوەگەلە بەتایبەتی پەیوەست نین بە توانمەندیی یاسا بۆ سەپاندنی سزاکان.

لەگەڵ ئەوەشدا جێگای مشتومڕە کە کردەوەکانی یاسا لە کولتووری ئێمەدا زۆرتر لەوەی کە هارت پێی وایە، بە لایەنی زۆرەملێیەکەیەوە پەیوەســتن. کەڵکوەرگرتنی کاتی لە «بیردۆزی کایە» لە یاســادا وا دەریخســتووە کە عەقڵانیەتی هەمەجۆری زۆر لە ڕێکخســتنە یاســاییەکان بە باشترین شێوە دەتوانرێت

لەڕێگەی کردەوەی یاسا لە چارەسەرکردنی کێشە هەلپەرستییەکاندا ڕوون بکرێتەوە، وەک ئەوەی پێی دەوترێت دۆخی دووڕیانی زیندانی. لەم حاڵەتانەدا ڕۆڵی سەرەکیی یاسا لە ڕاستیدا سازکردنی هاندەری زۆرەملێیە بۆ بەرژەوەندیی هاوبەشی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان. هەرچەندە وا بێت لەوانەیە خۆمان بەدوور بگرین لە پەسەندکردنی هەڵوێستی ئۆستن یان کێلسن کە پێیان وایە تاکە کردەوەی یاسا لە کۆمەڵگەدا لە بنچینەدا گرێدراوە بە لایەنە زۆرەملێکانیەوە. چارەسەرکردنی کێشە هاوتاکانی چەندپاتەوەبوو و هەمەجۆر، دانانی ستاندارد بۆ هەڵسوکەوتی گونجاو، ڕاگەیاندنی دەربڕینی هێمایین لە بەها گشتییەکان، و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەسەر ڕاستییەکان و بابەتی دیکەی لەم جۆرە، کردەوەگەلی گرینگن کە یاسا لە کۆمەڵگەکەماندا خزمەتی دەکات، و ئەوانەی کە زۆر کەم پەیوەندییان بە لایەنی زۆرەملێی یاسا و ئەرکی سزا سەپێندراوەکانیەوە هەیە.

ئەوەی کە یاسا تا چ ڕادەیەک لە ڕاستیدا دەتوانێت ڕێنمایی هەڵسوکەوت بکات بە دابینکردنی بابەتەکانی بە هۆی کردەوەوە، لە لایەن گروپێکی زۆر کارتێکەر لە زانایانی یاسایی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کە بە قوتابخانەی ڕیالیزمی یاسایی ناو دەبرێت، دەکەوێتە ژێر پرسیار. ڕیالیستە یاساییەکانی ئەمریکا بانگەشەی ئەوەیان کرد کە توانای ئێمە بۆ پێشبینیکردنی دەرەنجامەکانی کەیسە یاساییەکان لەسەر بنەمای ڕێساکانی یاسا تا ڕادەیەک سنووردارە. لە کەیسەکانی ئاڵۆزتر (دژوارتر) کە لە دادگاکانی پێداچوونەوەدا دادوەری دەکرێن، ڕێسا یاساییەکان، لە لایەن خۆیانەوە، بە شێوەیەکی ڕیشەیی وەک دەرەنجامی کەیسەکان نادیارن. ڕیالیستە یاساییەکان پێیان وا بوو کە ئەو مافناسانەی کە حەزیان لەو پرسیارە پێشبینییانە هەیە کە دادگاکان لە کەیسە قورسەکاندا لە ڕاستیدا چ بڕیارێک دەدەن، پێویستیان بە تێوەگلانی توێژینەوەی کۆمەڵناسی و دەروونی هەیە، و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی ئامرازە بیردۆزییەکان کە وامان لێ دەکات پێشبینیی ئەنجامە یاساییەکان بکەین. بۆیە ڕیالیزمی یاسایی بە شێوەیەکی سەرەکی هەوڵێک بوو بۆ ناساندنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەناو پانتایی مەعریفەی یاسایی بۆ مەبەستەکانی پێشبینییانە. تا چەند ئەم پرۆژە زانستییە سەرکەوتوو بووە بابەتێکی جێی مشتومڕە. هەر چۆنێک بێت، ڕیالیزمی یاسایی زۆر کەم گرنگیی بە پرسی نۆرماتیڤیتیی یاسا داوە، واتە بۆ ئەو پرسیارەی کە یاسا چۆن ڕێنوێنیی هەڵسوکەوت دەکات لەو حاڵەتانەیە کە پێ دەچێت وەک پێویست دیاری بکرێت.

ڕێبازێکی زۆر بەڵێندەرتر بۆ نۆرماتیڤیتیی یاسا لە بیردۆزی دەسەڵاتی جۆزێف ڕازدا دەدۆزرێتەوە کە ئەوەش دەری دەخات کە چۆن بیردۆزێکی ئاوا سەبارەت بە نۆرماتیڤیتیی یاسا، ئەنجامە گرنگەکان

بە ڕێزگرتن لە مەرجەکانی ڕەوایی یاسـایی دەگرێتە خـۆ (Raz 1994). تێڕوانینی بنەڕەتیی ئارگیومێنتی ڕاز ئەوەیە کە یاسـا دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیی دەسەڵاتدارێتییە، ڕاز بانگەشەی ئەوە دەکات کە یاسا دەسـەڵاتێکی دیفاکتۆیە. بە هەر حاڵ، پێویسـتە بۆ یاسا کە دەبێت داواکاری دەسـەڵاتی ڕەوا بێت. بێ گومان، هەر سیسـتەمێکی یاسایی تایبەت لەوانەیە لە جێبەجێکردنی ئەم بانگەشەیەدا شکست بهێنێت. بەڵام یاسا ئەو جۆرە دامەزراوەیە کە بەپێویست بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەسەڵاتێکی ڕەوایە.

بە بۆچوونی ڕاز ڕۆڵی سـەرەکیی دەسـەڵاتداران لە بەڵگاندنی کردەییماندا ئەوەیە کە نێوەندگیری بکات لە نێوان تاکە (شوێنکەوتووانی) وادانراوەکانی دەسەڵات و هۆکارە دروستەکان کە لە هەلومەرجی پەیوەندیداردا بەسـەریاندا دەسەپێندرێت. دەسـەڵاتێک ڕەوایە ئەگەر و تەنیا ئەگەر یارمەتیی تاکەکانی (شـوێنکەوتووانی) دامەزراوەکانی بدات بۆ پابەندبوونی باشـتر لەگەڵ هۆیە ڕاسـتەکانی پێوەندیدار بە کردەوەکانیانەوە، واتە ئەگەر ئەوان زیاتر بەگوێرەی ئەو هۆکارانە هەڵسـوکەوت بکەن کە شوێنکەوتەی بڕیاری دەسـەڵاتدارە تا لەوەی ئەوان هەوڵیان بۆ تێگەیشـتن دابێت و لەسـەر هۆکارەکان ڕاسـتەوخۆ هەڵسوکەوت بکەن (بەبێ بڕیاری نێوەندگیری). بۆ نموونە، لەوانەیە چەندین هۆکار هەبێت کە پێوەندیی بەم پرسیارەوە هەبێت کە بە چ خێراییەک لەسەر ڕێگایەکی دیاریکراودا لێبخوڕن -بڕی هاتوچۆی پیادە، بادانەوەی چاوەڕوانکراو لە ڕێگاکە، هتد- بەڵام شـۆفێرەکان لەوانەیە باشتر پابەند بن بە هاوسەنگیی ئەو هۆکارانە بە شوێنکەوتنی سنووری خێرایی یاسایی تا ئەوەی کە خۆیان لە کاتدا بارودۆخەکە هەڵسەنگێنن و تاقیی بکەنەوە. کەواتە ڕەوایی سـنووری خێرایی یاسـایی لە شـێوەیەک وەردەگیردرێت کە یارمەتیی خەڵک دەدات لە نواندنی باشتردا بە هاوسەنگیی هۆکارە ڕاستەکان هەڵسوکەوت بکەن.

ئێسـتا دەرەنجامەکە ئەوەیە کە بۆ ئەوەی کە شـتێک بتوانێت بانگەشـەی دەسـەڵاتی ڕەوا بکات، دەبێت لە جۆرێک بێت کە بتوانێت بانگەشەی بۆ بکات، واتە توانایی ڕۆڵێکی وەها نێوەندگیری هەبێت. چ جۆرە شـتێک دەتوانێت بانگەشـەی دەسـەڵاتی ڕەوا بکات؟ بە لایەنی کەمـەوە دوو تایبەتمەندیی لەم شـێوەیە هەیە کە پێویسـتە بۆ توانمەندیی دەسـەڵات: یەکەم، بۆ ئەوەی شتێک بتوانێت بانگەشەی دەسـەڵاتی ڕەوا بـکات، دەبێت ئەو حاڵەتـە بێت کە ڕێنماییەکانـی وەک ڕێنماییە دەسـەڵاتدارەکان دەستنیشان بکرێن (دیاریکراو بن)، بەبێ ئەوەی پێویست بکات پشت بەو هۆکارانە ببەستێت کە فەرمانی خاوەن دەسـەڵات جێگەیان دەگرێتەوە. ئەگەر ئەم مەرجە جێبەجـێ نەکرێت، واتە ئەگەر مەحاڵ بێت ڕێنمایی (دەسـتوور) دەسەڵاتدار وەک خۆی بناسـێنرێت بەبێ پشتبەستن بەو هۆکارانەی کە دەسەڵات

مەبەستی لێی پشتبەستن بوو، ئەوا دەسەڵات نەیتوانیوە ڕۆڵی سەرەکی و نێوانگیریی خۆی جێبەجێ بکات. بە کورتی، ناتوانێت جیاوازیی کردەوەی دروست بکات کە لەوێیە دروست دەبێت. تێبینیی ئەوە بکەن کە ئەم ئارگیومێنتە گرنگی بە کاریگەریی دەسەڵاتەکان نادات. خاڵەکە ئەوە نییە کە مەگەر ڕێنماییە دەسەڵاتدارەکان بەم شێوەیە بناسرێنەوە، دەنا دەسەڵاتەکان ناتوانن بە کارامەیی کار بکەن. ئارگیومێنتەکە لەسەر بنەمای عەقڵانیەتی دەسەڵات لەنێو بەڵگاندنی کردەییماندا بونیات نراوە. دەسەڵاتەکان هەن بۆ ئەوەی جیاوازییەکی پراکتیکی دروست بکەن و ئەوان ناتوانن جیاوازییەکی وەها دروست بکەن مەگەر ڕێنمایی دەسەڵات بکرێت بەبێ ئەوەی پەنا بۆ ئەو هۆکارانەی کە هەیە بۆ بڕیاردان لەسەری بناسرێتەوە. بە واتایەکی تر، بێمانایە کە ڕێنماییەکی دەسەڵاتداری هەبێت ئەگەر بۆ ئەوەی بزانیت فەرمانەکە چییە، دەبێت دەست بکەیت بە هەمان ئەو هۆکارەی کە پشتبەستن بە ڕێنماییەکە جێی بگرێتەوە. دووەم، بۆ ئەوەی شتێک بتوانێت بانگەشەی دەسەڵاتی ڕەوا بکات، دەبێت بتوانێت بۆچوونێک پێک بهێنێت لەسەر ئەوەی کە شوێنکەوتووانی چۆن دەبێت هەڵسوکەوت بکەن، جیا لە هۆکاری خودی تاکەکان سەبارەت بە هۆکارەکانی کردەوەیان، دەسەڵات پێویستی بە هەندێک نووسراوە (کۆکردنەوە) هەیە.

تێگەیشتنی ڕاز لە دەسەڵاتی یاسایی پشتیوانییەکی زۆر بەهێز بۆ پۆزیتیڤیزمی یاسایی تایبەت دابین دەکات چونکە پێویستی بەوەیە کە یاسا وەک بڕیاری دەسەڵاتدار، بە مەرجەکانی خۆی دیاری بکرێت، واتە بێ ئەوەی پشت بەو تێبینییانە ببەستێت کە یاسا بۆ چارەسەرکردن لەوێیە. بۆیە نۆرم لە ڕووی یاساییەوە ڕەوایە (واتە دەسەڵاتدار) تەنیا ئەگەر ڕەواییەکەی لە ڕەوشت یان تێبینیی هەڵسەنگێنەرانەی تر وەرنەگیردرێت کە یاساکە بەنیازە جێی بگرێتەوە. بە شێوەیەکی بەرچاو، بیردۆزەکەی ڕاز بەرەنگاری هەردوو بیردۆزی یاسایی دژە پۆزیتیڤیستیی دۆرکین و دەقی گشتگیری پۆزیتیڤیزمی یاسایی دەبێتەوە. ئەم بەرەنگاری و ئەو مشتومڕانەی کە بۆی دروست بوو، یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی باسکراو لە مەعریفەی یاسایی گشتی هاوچەرخدا پێک دێنێت.

هەر چۆنێک بێت، لێکدانەوەی عەقڵانیەتی دەسەڵاتی یاسایی تەنیا پێکهاتەی بیردۆزێک نییە سەبارەت بە نۆرماتیڤیتیی یاسا. ئەگەر ئەو تێزە پۆزیتیڤیستییە یاساییە ڕابگرین کە یاسا لە بنچینەدا لەسەر گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان دامەزراوە، لێرەدا پرسیارێکی گرنگتر دروست دەبێت: چۆن دەکرێت کردەوەیەکی ئاسایی بتوانێت هۆکارگەلێک بۆ کردەوە و بەتایبەتی دەروەستی وەدی بهێنێت؟ هەندێک لە فەیلەسووفانی یاسایی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕێسا ئاساییەکان (باوەکان) ناتوانن خۆیان دەروەستبوون

وەدی بێنن. هەروەک لێزلی گرین تێبینیی کرد، «تێڕوانینی هارت کە ڕێســا بنچینەییەکان [بۆ ناسینەوە]، «گرێبەســتگەلی پەتی»ن کە لەگەڵ هەرجۆرە چەمکی بەڵێندەرانە بەبەردەوامی نائاســوودەن»، و گرین ئەمە بە زەحمەت دەزانێت، چونکە ڕێســاکانی ناسینەوە ئاماژە بە «ئەو ســەرچاوانە دەکات کە دادوەران لەڕووی یاساییەوە بۆ جێبەجێکردنی پابەندن» (Green 1996, 1697). باسەکە لێرەدا بەشێکی سەبارەت بە سروشــتی ئاسایی ڕێساکانی ناسینەوە و بەشێکیش دەربارەی ئەو ڕێگایانەن کە ڕێکەوتنەکان دەتوانن لــە هۆکارەکانی کردەوەی ئێمەدا بناســنەوە. بەپێی بیردۆزێکی کارتێکەر، کە لە لایەن دەیڤد لویســەوە (١٩٦٩) ئیلهامی لێ وەرگیراوە، ڕێسا باوەکان وەک چارەسەرێک بۆ کێشە گەورە و چەندپاتەوەبووەکانی هاوتایی (هاوئاهەنگی) دەردەکەون. ئەگەر ڕێســاکانی ناســینەوە لە ڕاســتیدا لەو جۆری هاوتایی بن، تا ڕادەیەک ئاسانە ڕوون بکرێتەوە کە چۆن ڕەنگە بەرەو دەروەستی ڕابکێشرێن. ڕێککەوتنە هاوتەرییەکان (هاوتاکان) لە حاڵێکدا زۆرەملێیانە دەبن کە شوێنکەوتووانی ئەو نۆرمە پابەند بن بە چارەسەرکردنی کێشەی هاوتایی کە لە سەرەتادا بوو بە هۆی ڕێککەوتنی پەیوەندیدار. هەرچەندە گومان هەیە ئەو ڕێککەوتنانە کە لە دامەزراوەکانی یاســادا هەن لە جۆری هاوتایی بن. لە هەندێک ڕووەوە یاســا لەوانەیە زیاتر وەک گەمەیەکی پێکهاتەمەند بێت، یان ژانرێکی هونەری، کە لە ڕاستیدا لە لایەن گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێک دێت. ئەم جۆرە گرێبەستە پێکهێنەرانە وەک چارەسەر بۆ هەندێک کێشەی هاوتایی دووبارەبووەی کە پێشــتر هەبوون، شیاو نین. بۆ نموونە، ڕێسا ئاســاییەکان کە یاریی شەترەنج پێک دێنن، لەوێ نین بۆ چارەسەرکردنی کێشــەی هاوتایی نێوان یاریزانە شاراوەکان. پێش گەمەکە (شەترەنج)، هیچ کێشەیەکی هاوتایی تایبەت نییە بۆ چارەسەرکردن. ڕێسا ئاساییەکان (باوەکان)ی شەترەنج، پێکهێنەری یارییەکە خۆی وەک جۆرێک لە چالاکیی کۆمەڵایەتین کە لای خەڵک ئەو بایەخەی هەیە کە تێیدا بەشداری دەکەن. پەیمانە دەستوورییەکان بەشێک لە بەهاکان لە کردەوەی کۆمەڵایەتیی دەرکەوتوودا پێک دەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بایەخانە تەنها بۆ ئەو کەسانە هەیە کە گرنگی بە بینینیان دەدەن. ڕێککەوتنە دەستوورییەکان وەک خۆیان ناتوانن بەڵێنێک بۆ بەشداری لەو ڕەوتەی کە پێکی دەهێنن، دروست بکەن.

لە ڕوانگەی ئاکارییەوە، ڕێساکانی ناســینەوە خۆبەخۆ (وەک خۆیان) ناتوانرێت وەک سەرچاوەی پابەندبوون بە پەیڕەوکردنی یاســا دابنرێت. ئەمەی کە دادوەر، یان هەر کەسێکی تر، دەبێ یا نابێ ڕێز لە ڕێساکانی ناسینەوەی سیستەمێکی یاسایی بگرێت، لە کۆتاییدا کێشەیەکی ئەکارییە کە تەنیا بە مشتومڕی ئاکاری چارەســەر دەکرێت (ســەبارەت بە کێشەی کۆنی پابەندبوونی سیاســی). ئەمەش بە شێوەیەکی گشتیتر ئەوەیە: بوونی پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی، خۆی لە خۆیدا کەس پابەند بە تێوەگلانی (بەشداربوونی)

ناکات. ڕێساکانی ناسینەوە تەنیا پێناسەی ئەوە دەکەن کە پراکتیزەکردنەکە چییە و هیچ شتێک لەسەر ئەو پرسیارە نالێن کە ئایا دەبێت یان نابێت تێوە بگلێن. بەڵام بە دڵنیاییەوە کاتێک کەسێک خۆی لە کردەوەکە تێوەگلا و ڕۆڵی دادوەری یان هەندێک بەرپرسی یاسایی دیکەی وەک خۆی گێڕا، دەروەستیی یاسایی هەیە کە بە ڕێســاکانی یارییەکە پێناســە دەکرێت. بە واتایەکی تر، هیچ شتێکی تایبەت نییە لە بیرۆکەی پابەندبوونێکی یاســایی بۆ پەیڕەوکردنی ڕێساکانی ناســینەوە. ناوبژیوان لە یاریی تۆپی پێ بە یەک ڕادە ناچارە پەیڕەوی ڕێساکانی یارییەکە بکات و ئەو ڕاستییەش کە یارییەکە ئاساییە هیچ زەحمەتێکی لەمەوە نییە، با بڵێین لە «تێڕوانینی یاریزانی ناوەکی». بەڵام دیسان، ڕێسا دەستوورییەکانی یاریی تۆپی پێ ناتوانن بۆ هیچ کەسێک یەکلایی بکەنەوە کە ئایا دەبێت یاریی تۆپی پێ بکەن یان نا. بە هەمان شێوە ڕێساکانی ناســینەوە ناتوانێت بۆ دادوەری جێگیر بێت یان هەر کەســێکی تر بۆ ئەو مەسەلەیە ئەگەر بە ڕێساکانی یاســا یاری بکات یان نا. ئەوان تەنها پێمان دەڵێن کە یاســا چییە. هەرچەندە بە پێچەوانەی شەترەنج یان تۆپی پێ، یاســا لەوانەیە بە باشــی جۆرێک لە یاری بێت کە خەڵک ناچار بن بە یاریکردنیان، هەروەک چۆن بووە. بەڵام ئەگەر ئاوەها دەروەســتییەک هەبێ، دەبێت لــە ڕووی تێبینیگەلی ئاکاریی دەرەکییەوە دەربکەوێت، واتە لە پابەندییەکی ڕەوشتیی گشتییەوە بۆ گوێڕایەڵبوون بە یاسا. ئەم پرسیارە ئاڵۆزە کە ئایا پابەندییەکی وەها گشــتی هەیە بۆ گوێڕایەڵبوون بە یاسا و ئەگەر پشت بە تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی سیستەمی یاسایی پەیوەندیدار ببەستێت، بە شێوەیەکی فراوان لەم نووسراوەدا لەسەر دەروەستیی سیاسی کەوتووەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بیردۆزێکی تەواو ســەبارەت بە نۆرماتیڤیتیی یاســا دەبێت ئەم پرســە ئاکارییانەش لە خۆ بگرێت. (بڕواننە سەروشەکان لەسەر دەروەستیی سیاسی و دەروەستیی یاسایی.)

ئەگەرچــی لەم دواییانــەدا ژمارەیەک لە فەیلەســووفەکان دەســتیان کردووە بە پرســیارکردنی ئەو بیرۆکەیەی کە شتێک هەیە تایبەت بێت بە نۆرماتیڤیتیی یاسا و بانگهێشتنمان دەکەن بۆ ئەوەی بزانین کە یاسا چۆن کاریگەریی دەبێت لەسەر هۆکارەکانی ئێمە بۆ کردەوە لەو ڕێگایانەی کە لە نزیکەوە گرێدراوی سروشــتی یاســا نیــن (Greenberg 2014, Enoch 2011, Marmor 2016 [2018]). هەندێک لەو تێڕوانینانــە (بۆ نموونە، ئینۆخ و مارمۆر) بۆ ئەوەی پیشــانی بدەن کە شــێوازگەلی جیاواز هەن کە بوونی نۆرمە جۆراوجۆرەکان هەڵگری هۆکارەکانی خەڵک بۆ کردەوەیە، لە یاســادا وەک هەر شــوێنێکی تر، بەبێ ئەوەی نکۆڵی لەوە بکات کە یاسا زۆر جار جیاوازی دروست دەکات، ئەم بۆچوونانە تەنها نکۆڵی لەوە دەکەن شتێکی بێهاوتا هەیە بۆ چۆنیەتیی گۆڕینی هۆکارەکانی تاکەکان بۆ کردەوە، بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تری داواکارییە نۆرماتیڤەکان. کەسانی تر نۆرماتیڤیتیی یاسا لە گۆشەیەکی بەرامبەرەوە دەخەنە

ژێر پرسـیار (Greenberg 2014, Hershovitz 2015) کە باسـی ئەوە دەکات کە تاکە لایەنی یاسا کە گرنگییەکی نۆرماتیڤی هەیە ئەو جیاوازییە ئاکارییەیە کە دەبێتە هۆکارەکانی خەڵک بۆ کردەوە.

لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، بە کێشەگەلی نوێ بۆ مەعریفەی یاسای گشتی و بەتایبەتی بۆ پۆزیتیڤیزمی یاسـایی، وەرچەرخانێکی میتۆدیی سـەرنجڕاکێش سـەریان هەڵدا. ئـەم وەرچەرخانە میتۆدییە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی یاسای دۆرکین (١٩٨٦) تەکانێکی پەیدا کرد، کە باس لەوە دەکات کە نەک هەر یاسـا، وەک پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی، لێکدانەوەیەکی قووڵە (کەواتە تا ڕادەیەک بەڵام بەپێویسـت لە سروشتدا هەڵسەنگێنەرە)، بەڵام هەر بیردۆزێک سەبارەت بە سروشتی یاسا هاوشێوە شرۆڤەییە، و لە یەک ئاسـتدا هەڵسـەنگێنەرە. زۆرێک لەو کەسانە کە بەپێویسـت لەگەڵ بۆچوونەکانی دۆرکین سـەبارەت بە سروشـتی شرۆڤەیی پراکتیکی یاسـایی یان تایبەت بە بیـردۆزی شرۆڤەیی هاوڕا نین، لەم گومانە میتۆدییەدا سـەبارەت بە ئامانجە نەریتییەکانی مەعریفەی یاسـای گشتی لەگەڵ دۆرکین پەیوەسـت دەبن، واتە سـەبارەت بە ئەگەری پەرەسەندنی بیردۆزێک سـەبارەت بەو سروشتەی یاسا کە کارکردی گشـتی هەبێت و لە ڕووی ئاکارییەوە بێلایەن بمێنێتەوە. ئەمانە و بەربەرەکانیی تری میتۆدیی بەرئەنجام بۆ مەعریفەی یاسای گشتیی نەریتی، بڕگەی دواتری لەخۆ گرتووە.

هەر چۆنێک بێ، دادپەروەرانەیە کە بڵێین لە چەندساڵی ڕابردوودا، زۆرێک لە فەیلەسووفە یاساییەکان بێهیواییەکی زۆریان دەربڕیوە لەم مشـتومڕە نەریتییانە سـەبارەت بە سروشتی یاسا، و داوای ئەوە دەکەن کە فەلسـەفەی یاسـایی لە دیبەیتەکانی هارت-دۆرکین بپەڕێننەوە و هەندێـک ڕێگای نوێی توێژینەوە بدۆزنەوە. بڕێک لەو ڕەخنەگرە نوێیانە ڕازین بە وازهێنان لە پرۆژەکە بەگشتی و مردنی مەعریفەی یاسایی گشتی ڕابگەیەنن (Hershovitz 2015). لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێکی تر بەدوای چەڵێنجی نوێن. یەکێک لە ڕووبەرە دەرکەوتەکانی توێژینەوەکە بایەخدان بە سروشـتی دەستکردی یاسایە، بە مەبەستی فێربوونی شـتێک سەبارەت بە سروشتی یاسـا کە یاسا وەک دەسـتکردێک دیارە، لە لایەن مرۆڤەوە بۆ مەبەستی تایبەت دروسـت کراوە و بەردەوام دەبێت. پەیوەندیی نێوان تایبەتمەندییەکانی یاسـا وەک دەستکرد و خەیاڵی دەدۆزنەوە، پێشنیاری ئەوە دەکەن کە لۆژیکی بنچینەیی و میتافیزیکەکانیان هاوبەشییەکی باشیان هەیە (Marmor 2018).

پانتاییەکی تری نوێ و پڕ بەرهەم لە توێژینەوەکە جەخت دەکاتە سـەر بەکارهێنانی فەلسەفەی زمان لە یاسـادا و بەرتیلدان بە پێشـکەوتنە نوێکان لە فەلسەفەی زماندا بەتایبەتی لە پراگماتیکدا بۆ هەڵگرتنی

پرسیارەکانی لێکدانەوەی یاسایی و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی یاسایی (Asgeirsson forthcoming, Asgeirsson 2015, Marmor 2014). ئەم ئاراستەیە زمانەوانییە، هەر چۆنێک بێت هەندێک لە فەیلەسووفانی یاسایی گومان دەردەبڕن دەربارەی ئەو بیرۆکەیەی کە ناوەڕۆکی یاسایی بە فاکتەری زمانەوانی دیاری دەکرێت (Greenberg 2011) و گفتوگۆیەکی بەردەوام هەیە لەسەر ئەم کێشانە.

لە کۆتاییدا وا دیارە کە بایەخێکی زۆر هەیە لە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە لە میتافیزیک کە لەوانەیە هەڵگری بیردۆزێک بێت سەبارەت بە سروشتی یاسا و تەنانەت گفتوگۆش لەسەر میتافیزیکەکان لە چوارچێوەی دادوەریی گشتیدا دەست پێ دەکات بۆ دەرکەوتنی ئەو ڕێگایانەی کە ئێمە بیر لە ئەرکەکانی پرسی میتافیزیکی دەکەینەوە کە لەوانەیە لەسەر ئەو شێوەگەلەیە کە سەبارەت بە یاسا بیر دەکەینەوە کاریگەری دابنێت (Rosen 2010). بۆ نموونە ئەگەر ئەرکی سەرەکیی میتافیزیک دیاریکردنی ئەوە بێت کە بەڕاستی چی هەیە لە جیهاندا، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە یان ئەو ڕێگایانەی کە ئێمە نوێنەرایەتیی جیهان دەکەین، لەوانەیە میتافیزیک زۆر قسەی لەسەر سروشتی یاسا نەبێت یان ڕەنگە ئەوە نیشان بدات کە ئەگەر هەرچۆنێک بێت، ئەرکی لێکۆڵینەوەی میتافیزیکیش ئەوەیە کە بزانین چی لە شتێکی تر بنچینەییترە، پێکهاتەیەکی هیرارکیی جیهانمان پێ دەبەخشێت، کە هەندێک شت لە شوێنی ئەوانی تر دادەنێن، ئەوا میتافیزیک لەوانەیە چوارچێوەیەکی زۆر پڕ بەرهەم بێت بۆ کارکردن لەگەڵ هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی بنچینەکانی دیاردەی یاسایی گشتیتر. ئەم بایەخە میتافیزیکییە شاراوەیە لە مەعریفەی یاسایی لە سەردەمی ساواییدایە و کات پێمان دەڵێت ئایا ئەم ڕێبازە نوێیە ئەنجامێکی سەرنجڕاکێشمان بۆ وەدی دێنێت یان نا.

## ٢. میتودۆلۆجیای مەعریفەی یاسا

کاتێک باس لە میتۆدۆلۆجیای مەعریفەی یاسا دەکرێت دوو مەسەلەی سەرەکی دەدۆزینەوە. لە کاتێکدا یەکێک ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە نۆرماتیڤیتییەوە نییە، و دووەمیان پێوەندیی هەیە. یەکەم پرسیار لە ئامانجەکان و پێوەرەکانی سەرکەوتنی بیردۆزە فەلسەفییەکان دەربارەی سروشتی یاسا دەکات:

- ئامانجی ئەو بیردۆزە ڕیزبەندی یەکەمانەی یاسا چییە و کەی سەرکەوتوو دەبن لەو کارەدا؟

دووەمیان پرسیار لە ڕۆڵی هەڵسەنگاندن لە میتۆدۆلۆجیای مەعریفەی یاسا دەکات:

- ئایا بیردۆزە یاسساییەکانی ڕیزبەندی یەکەم بە شـێوەی زاتی یان پێویسـت هەڵسەنگێنەرن یان دەتوانن تەنیا وەسفی بن؟

هەر یەک لەم پرسیارانە بە نۆرەی خۆی تاوتوێ دەکرێت.

## ١.٢ ئامانجی بیردۆزێکی یاسایی

یەکەم چینی گرنگی پرسیاری میتۆدیی لە مەعریفەی یاسادا پەیوەندیی بە ئامانجی بیردۆزە ڕیزبەندی یەکەمەکانی یاساوە هەیە، ئەوەیە کە ئەم جۆرە بیردۆزانە دەیانەوێت شرۆڤە لەبارەی چ دیاردەیەک ئاراستە بکەن. لە هەڵوێستگرتن لەسەر ئەوەی کە ئامانجی گونجاوی بیردۆزی ڕیزبەندی یەکەمی یاسا چییە، تاک دەکەوێتە ژێر باری کۆمەڵێک پابەندبوونی میتۆدۆلۆجیی دیکە. ئەمانە بریتین لە گرتنەبەری بۆچوونێک دەربارەی کاتێک کە ئەم جۆرە بیردۆزانە سەرکەوتوو دەبن، هەڵوێستیان هەیە لەسەر ئەوەی کە چ جۆرە داتایـەک وەک بیـردۆزەکان ئامانجیان لە سیسـتەماتیککردن و شـیکردنەوەیە و دیاریکردنی چ جۆرە مشتومڕێک کە بە شێوەیەکی ڕەوا بەکار دێن لە بڕیاردانی نێوان یەکێک لەم بیردۆزگەلە و ڕەکابەرەکانی.

ڕوانگەکان سـەبارەت بەم پرسیارە لە پێنج دەستەی سەرەکیدا پۆلێن دەکرێن. ڕوانگەیەک هەڵگری ئەوەیە کە مەعریفەی یاسـایی جۆرێک لە شیکردنەوەی چەمکی بێت، واتە بیردۆزەکانی یاسا ئامانجیان ئەوەیـە کـە شرۆڤەیەک لـە هەندێک چەمکی یاسـا دابین بکەن. ئـەم ڕێبازە زۆر جـار پەیوەندیی بە بەرهەمی کارتێکەری هارت واتە *چەمکی یاسا* (١٩٩٤)وە هەیە. ڕوانگەی جۆری دووەم هەڵوێستێکی گوماناویی تر لە بەرامبەر میتۆدی شیکاریی چەمکی دەگرێت و بیردۆزەکانی یاسا بە کاری ئاراستەکردنی ڕوونکردنەوەی داشـکێنەرانە لە یاسـا دەزانێت نەک بە هەندێک کاری چەمکی. تێڕوانینێکی تری ئەم دواییە، مەعریفەی یاسای گشتی تەنیا بە لقێکی تری پرسی میتانۆرماتیڤ دەبینێت کە بەردەوام لەگەڵ بوارە فەلسەفییەکانی تر وەک میتائیتیکدا (سەروو-ئاکار) دەبێت. چوارەم، ڕوانگەی دەستووری لەو باوەڕەدایە کە ئامانجی بیردۆزی یاسا دەستنیشانکردنی واتایەک لە یاسایە کە بۆ ئێمە زۆر گونجاوتر دەبێت. جۆری پێنجـەم، کە پەیوەندیی بە کارەکانی دۆرکینەوە هەیە، هەڵگری ئەوەیە کە بیردۆزە یاسـاییەکان لە کاری پێشکەشـکردنی لێکدانەوەیەکی بنیاتنەر بۆ کردەوەی یاسـایین. لە درێژەی ئـەم بابەتەدا، هەریەک لەم پێنج تێڕوانینە و هەروەها هەندێک لە کێشـە سەرەکییەکان کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە زۆر قووڵتر تاوتوێ دەکرێت.

### ١.١.٢ ڕوانگەکانی شیکاریی چەمکی

لە ڕوانگەکانی شیکاریی چەمکیدا، بیردۆزەکانی یاسا بەدوای دەستبەسەرداگرتنی چەمکی یاسادان و تا ئەو ڕادەیە سەر دەکەون کە لێکدانەوەیەکی یەکگرتووی داتا پەیوەندیدارەکان سەبارەت بەو چەمکە و چەمکە پەیوەندیدارەکان دابین بکەن. بەتایبەتی، ئەو داتایانەی کە لە شهوود (تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ) ی خەڵــک ڕێــک دەخرێن و هەندێک چەمکی یاســایی لەخــۆ دەگرن (یــان چەمکگەلی هاوڕەگ وەک ڕەوایی یاســایی یان پابەندبوونی یاسایی). لە ســادەترین شێوەیاندا، ئەم جۆرە شهوودانە دەکرێت وەک دادوەرییەک دابنرێت دەربارەی ئەوەی کە ئایا چەمکی پەیوەندیدار بۆ کەیســە تایبەتەکان بەکار دەبردرێن یان نا. بەم پێیە و لەسەر ئەم جۆرە تێڕوانینە، بیردۆزێکی یاسا گەرەکیەتی لێکدانەوەیەک بۆ ئەو هەلومەرجانە بدات بە دەســتەوە کە تێیاندا چەمکی ئامانجی یاســا (یان یەکێک لە هاوڕەگەکانی) بەکار دەچێت.

جگــە لەمە، دەکرێت بــە کەڵکوەرگرتن لە میتۆدی شــیکاریی چەمکی، کە لە ڕێگەی کورســی دەســکدار[1] ئەنجام دەگیرێت، بە وەها بیردۆزێک بگەین. بیرۆکەکە ئەوەیە کە تیۆریســت بە کۆمەڵێک پێوەری جێگیر بۆ بەکارهێنانی دروســتی چەمکی ئامانج دەســت پێدەکات، و پاشان ئەو گوزارشتە یان لێکدانەوەیە لە دژی شــهوودەکانی دەربارەی ئەو چەمکە تاقی دەکاتەوە. ئەگەر لێکدانەوەکە پێویستی بەوەیە کە ئەو چەمکە بەســەر حاڵەتەکانی تایبەتدا جێبەجێ بکرێت کە بە ڕێگەی شهوودەوە جێبەجێ نابێــت، ئەوا ئەمە هۆکارێک بــۆ ڕەتکردنەوە یان پێداچوونەوە بە لێکدانــەوەی ناوبراو دابین دەکات. بە پێچەوانەوە، ئەگەر لێکدانەوەکە پێویست بکات کە چەمکی ئامانج بەسەر چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا جێبەجێ بکرێت و ئەمەش ئەنجامێکی دروســتی لێ بکەوێتەوە، ئەمە بەڕوونی پشــتگیریی ئەرێنی بۆ لێکدانەوەکە دابین دەکات. لێکدانەوەکە بە سەرکەوتوویی بەسەر چەمکی ئامانجەکەدا زاڵ دەبێت تا ئەو ڕادەیەی کە ئەنجامە ڕاســتەکانی بە دەست دەهێنێت دەربارەی کەیسە تایبەتەکان، و ئەمە بە شێوەیەکی ڕوونکەرەوە شێوازێکی قایلکەرانەیە (بەپێچەوانەی شێوازی ئەدهۆک (*ad hoc*) یان تایبەتی). (بۆ باسی قووڵتر لە میتۆدۆلۆجیای شــیکاریی چەمکی، وەک لە چەمکی یاسادا جێبەجێ کراوە، بڕوانە Shapiro (2011, 16–22).

مەعریفەی یاســا لە دوو شێوازی ســەرەکیی تێگەشتن لە شــهوودە پەیوەندیدارەکان (یان داتا) کە

١. the proverbial armchair: کورسیی ڕاحەتی.

بیردۆزەکانی یاسا ئامانجیان لە بەسیستەمکردنیە (ڕێکخستنیە)، کاریگەرییان گرتووە. ئەمەش بە نۆرەی خۆی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ لەوانەیە خۆی لە چەمکەکان تێبگات و گەوهەرەکانی ئێمە لەبارەیانەوە بە دوو شێوازی جیاوازە. بەو پێیە، ئێمە دوو جۆری سەرەکی لە ڕوانگەی شیکاریی چەمکیی میتۆدۆلۆجی دەدۆزینەوە.

یەکەم تێگەیشتن لە چەمکەکان خاوەندارێتیی چەمک وەردەگرێت کە بە شێوەیەکی سەرەکی ببێتە بابەتێکی لێهاتوویی زمانەوانی. واتە خاوەنداریکردن لە چەمکی یاسا ئەوەیە کە بزانین کەی وشەی یاسا وەک لە مانا یاساییەکەیدا بەکار دێت (نەک مانا زانستییەکەی) جێبەجێ دەبێت. بەم شێوەیەش، ئەو تێگەیشتنانەی کە سەبارەت بە چەمکی یاسا هەیە دەبێت وەک تێگەشتنێکی زمانەوانی دەربارەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی وشەی «یاسا» فام بکرێن. کەواتە، لە ڕوانگەی ئێستادایە، شیکردنەوەی چەمکی شێوازێکی شیکردنەوەی زمانەوانییە. ئەم جۆرە ڕوانگە ناسراوە لە بەشی ١ و ٢ی ئیمپراتۆریەتیی یاسای دۆرکین باس کراوە (Dworkin 1986, 32, 43–46). کە بێ گومان دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێک لە فەلسەفەی زمانی ئاسایی کە پەیوەندیس بە جەی ئێڵ و ئۆستن و گیلبێرت ڕایلەوە هەیە (Marmor 2013, 210–212).

هەرچۆنێک بێت، ئەم تێگەیشتنە لە خاوەندارێتیی چەمک کێشەگەلێکی (خەوشگەلێکی) هەیە. ڕەنگە گەورەترین سەرچاوەی نیگەرانی لە چوارچێوەی ئێستادا ئەوەیە کە ئەم جۆرە ڕوانگەیە دەقی جێی مشتومڕی «چزووی مانایی» دۆرکین بەهێز دەکات (Dworkin 1986, 43-46). ئارگیومێنتەکە لەوانەیە بە شێوەی خوارەوە کورت بکرێتەوە. وای دانێن کە بیردۆزە یاساییەکان ئامانجیان دەستراگرتن بەسەر چەمکی یاسایە و ئەو خاوەندارییی چەمکە تەنیا مەسەلەی زانینی ئەوەیە کەی وشەی یاسا جێبەجێ دەکرێت. ئەگەر وا بێت، مشتومڕەکە بەڕێوە دەچێت، بیردۆزە یاساییەکان ناتوانن ناکۆکی لەسەر زەمینەی یاسا ڕوون بکەنەوە، واتە سەبارەت بە مەرجەکانی ڕەوایی یاسایی. سەرەڕای ئەمانە ئەگەر بیردۆزە یاساییەکان بەم شێوەیە سروشتی مانابییان هەیە، پاشان نارەزایی و ناکۆکی لەسەر هۆکارەکانی یاسا دەبێت کورت ببێتەوە بە ناکۆکی سەبارەت بە کاتی جێبەجێبوونی وشەی «یاسا»، بە لایەنی کەمەوە لایەنە ناکۆکەکان تەنها باسی یەکتر ناکەن. بەڵام ئێستا دووریانەکە سەر هەڵدەدات، ئەمەی کە ئاخۆ شارەزایانی یاسایی واتای یەکسانیان لە یاسا هەیە یان نا. ئەگەر هەمان چەمکیان هەبێت، ئەوا وا دیارە ناتوانن ڕازی بن لەسەر ئەوەی کە نۆرمێک بە یاسا هەژمار بکرێت. دواتر، هەموویان دەزانن  کە وشەیەک کە مانای هاوبەشی ئەوان دەردەبڕێت چ کات بەکەڵک دێت. بەڵام ئەمە ڕێی تێ ناچێت، چونکە کردەوەی یاسایی لە ڕاستیدا پڕ

لە ناکۆکییە سەبارەت بەوەی کە بەستێنەکانی یاسا چییە (و بەم شێوەیە، چ شتێک بە یاسا یان بە یاسایی هەژمار دەکرێت). لە لایەکی دیکەوە ئەگەر شارەزایانی یاسایی لەسەر چەمکی یاسا هاوشێوە هاوڕا نەبن ئەوا ناکۆکییان لەسەر ئەوەی کە بەستێنی یاسا چییە دەبێت تەنیا لەبەر ئەوە بێت کە ئەوان لە یەکدیدا قسە دەکەن بەڵام ئەوە، هەروەها، ناتەواوە. کردەوەی یاسایی، وەک دۆرکین دەڵێت، «گاڵتەیەکی سەیر» نییە (Dworkin 1986, 44). بەم پێیە، دەبێت هەڵەیەک هەبێت لە داڕشتنی بیردۆزە یاساییەکان وەک لێکدانەوە واتادارەکانی پەتی کاتێک وشەی «یاسا» بەکار دەبردرێت.

ئەگەر لە ژێر ڕووناکایی ئەم بەڵگاندنە واز لەو بیرۆکەیە بهێنین کە بیردۆزە یاساییەکانی ڕیزبەندی یەکەم بیردۆزگەلێکی واتایین، دوو ڕێگای ئاشکرا هەیە بۆ بەردەوامبوون. یەکەم، مرۆڤ لەوانەیە بە سادەیی واز لەو بیرۆکەیە بهێنێت کە بیردۆزە یاساییەکان ڕاهێنانگەلێک لە شیکردنەوەی چەمکیدان. ئەمە وەڵامە جێ پەسەندەکەی دۆرکین بوو، هەرچەندە، وەک دەیبینین، مرۆڤ دەتوانێت شیکاریی چەمکی ڕەت بکاتەوە بەبێ ئەوەی میتۆدۆلۆجیای پەسەندی دۆرکین خۆی بگرێتەوە. (باسی زیاتر لەسەر ئەوە لە بەشی لاوەکیی ٢.١.٢). دووەم، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت هێشتا بڵێت کە بیردۆزە یاساییەکان لە کاری شیکاریی چەمکی یاسادان، ئەوا وەڵامدانەوەی ئاشکرا بۆ مشتومڕی چزووی مانایی ئەوەیە کە نکۆڵی لەوە بکرێت کە خاوەندارێتیی چەمکی تەنیا مەسەلەی زانینی چۆنیەتیی بەکاربردنی وشەی یاسا لە مانا یاساییەکەیدایە. ئەمەش جۆرێکی دووەم و دەوڵەمەندتر لە شیکردنەوەی چەمکی پێشنیار دەکات کە تیۆریستانی یاسایی لەوانەیە تێوەی بگلێن.

بیرۆکەی بنچینەیی لە پشت ڕوانگەی دەوڵەمەندتر ئەوەیە کە ئەو خاوەندارێتییە چەمکییە لەجیاتی ئەوەی کە تەنیا ببێت بە مەسەلەی زانینی ئەوە کە چ کاتێک وشەکان جێبەجێ دەکرێن، شتێکی کاکڵدارتر لەخۆ دەگرێت: واتە خاوەن پانتاییەکی فراوان لە بیروباوەڕی سەرەکی یان شهوود سەبارەت بەم چەمکەیە، کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکان و بەکارهێنانی شیاوی پێویستە. گریمانەکە ئەمەیە کە ئەو شهوودەی کە کەسێک بەهۆی خاوەندارێتیی چەمکی یاسا دەخوازێت پێی بگات، بەپێی پێویست بەپیت بێت بۆ پێکهێنانی چەمکێکی دیاریکراوی بنەڕەتی لەوەی کە یاسا چییە و چۆن کار دەکات. کەواتە مەبەست لە بیردۆزی یاسا ئەوەیە کە ئەم حوکمە (داوەرییە) پێش-بیردۆزییانە لەسەر چەمکی یاسا ڕێک بخرێت بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەک لە هەندێک چەمکی سەرەکیی یاسا دابین بکرێت (ئەم جۆرە تێڕوانینە دەوڵەمەندتر بۆ خاوەندارێتیی چەمک باس کراوە، بۆ نموونە، لە Raz 2004, 4–7; Stravopoulos

2012, 78–79; Shapiro 2011, 16–22. لەوانەیـە ئـەو جۆرە دیمەنە بێت کە لە لایەن هارتەوە ئامادە کراوە). لەسەر ئەم تێڕوانینە ناڕەزایەتیی (ناکۆکی) یاسایی بە ئەگەری خۆی دەمێنێتەوە چونکە لە کاتێکدا کە پسپۆڕان ڕەنگە هەموویان هەمان چەمکی یاسا بەکار بێنن، دەوڵەمەندیی چەمکەکە ڕێگە دەدات کە لەگەڵ ئەوەشدا کە لەوانەیە خاوەنی ئەو چەمکە نەبن چەمکەکە بە تەواوی دیاری بکات، یان بە تەواوی لە مەرجەکانی بەکاربردنی تێبگات، بۆ گەرەنتیکردنی کۆدەنگی لەســەر پرسیارە بیردۆزییەکان دەربارەی ئەوەی کە بەستێنەکانی یاسا لە ڕاستیدا چین.

هەرچۆنێک بێت، ئەم تێگەیشــتنە زۆر دەوڵەمەندە لــە خاوەندارێتیی چەمک و وێنەی کاکڵەدارتر (بەپیتتر) لە شــیکردنەوەی چەمکەکان، ڕەخنەی زۆری لێ گیراوە (Marmor 2013, 215–217; Raz 2004, 10; Leiter 2007, 177–79). پرسیارێک کە یەکسەر دروست دەبێت ئەوەیە کە کام چەمکی یاسا ڕێک ئامانجی گونجاوی بیردۆزێکی یاسا پێک دێنێت. ئایا ئەو چەمکی یاساییە لە لایەن پسپۆڕانی یاساییەوە لە دەسەڵاتی دادوەریی دیاریکراودا هەیە؟ یان ئایا ئەوە هەندێک چەمکی جیهانی هاوبەشە لە یاســادا؟ هەرچۆنێک بێت، نیگەرانییەکە لە هەر دوو لایەنەوە دەر دەکەوێت. ئەگەر بیردۆزێکی یاسایی تەنیا مەبەســتی تێگەیشــتن و بەکاربردنی چەمکی یاسا بێت کە لە دەســەڵاتی دادوەریی تایبەت بەکار گیراوە، کەواتە ئەو بیردۆزە بەرتەســک دەکات واتە سنوورداری دەکاتەوە و لەوانەیە هۆگرێتیی خۆی لە دەست بدات بۆ ئەوانەی کە مەیلێکی ئەوتۆیان بەرەو دەسەڵاتی دادوەریی تایبەت نییە. لە لایەکی ترەوە، لەوانەیە مرۆڤ گومانی لەوە هەبێت کە بە ڕاســتی چەمکێکی گشــتگیری هاوبەش لە یاسادا هەیە کە بە هەموو شێوەیەک لە لایەن پسپۆڕانەوە لە هەموو دەسەڵاتی دادوەری بەکار دەهێندرێت، یان ئەگەریش ببێت، ئەو گومانە هەیە کە ئەوە شــتێک زیاتر بێت لە جۆرێک لە چەمکی تەســک (لاواز) کە مرۆڤ خاوەنیەتی بە مەبەستی زانینی ئەوەی کە وشەی یاسا لە مانا یاساییەکەیدا چی دەگەیەنێت.

نیگەرانییەکی قووڵتر لە هەموو شــێوازەکانی شیکاریی چەمکی ئەوەیە کە بۆچی دەبێت لە پێگەی یەکەمــدا گرنگی بە چەمکی یاســا بدەیــن (Marmor 2013, 216–217; Leiter 2007, 177–79). هەرچۆنێک بێت، وەک فەیلەســووف، دیارە خودی سروشــتی یاســایە کە ئێمە گرنگی بە تێگەیشتنی دەدەین (Raz 2004, 7, 10). بێ گومان پرسیاری کۆمەڵناسانەی سەرنجڕاکێش هەیە کە پرسیار بکرێت دەربــارەی ئەوەی کە چیــن و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک باوەڕیان وایە کە چۆن یاســا کار دەکات. بەڵام ڕوون نییە شــتێکی فەلســەفیی جیاواز دەربارەی ئەم جۆرە پرســیارانە هەبێت. تا ئەو ڕادەیە وەک

فەیلەســووفەکان (qua philosophers) حەزیان لەوەیــە کە خەڵک باوەڕیان بە چەمکێکی دیاریکراو هەیە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێگەیشتن لە بیروباوەڕی خەڵک دەربارەی چەمکەکە ڕێگایەک بێت بۆ تێگەیشــتنی مانایەک کە لەو چەمکەوە دێــت (Raz 2004, 4, 10). بەم پێیــە لەوانەیە مرۆڤ وا بیر بکاتەوە کە ئەوەی بیردۆزەکانی یاسا بەدوایدان چەمکێکی تایبەت لە یاسا نییە بەڵکوو بەتایبەتی خودی سروشتی یاسا بێت (هەروەها سەیری سەروشەی چەمکەکان بکەن، کە لە بەشی ٥.٢دایە)

وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەم ناڕەزاییە ئەوەیە کە جەخت لەســەر ئەوە بکەینەوە کە یاســا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بە بەشێکیش لە لایەن تێگەیشتنی خودی پسپۆڕان لەو پراکتیکە پێک دێن کە تێیدا تێوە گلاون و بەڵگە لەسەر چەمکەکە کۆ دەکەنەوە کە یاسا خاوەنداریێتیی دەکا لە لایەن پسپۆڕانی یاساییەوە ڕێگەیەکی بەسوودە بۆ لێکۆڵینەوە لە خودی یاسا (Stravopoulos 2012, 79). هێشتا، لەوانەیە کەسێک بپرســێت کە ئایا ئەم ڕێگایە بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشــتی یاســا بە لەبەرچاوگرتنی ناراستەوخۆبوونەکەی کاریگەرترین ڕێکار دەبێت بۆ دامەزراندنی. بۆچی خۆمان ســنوردار دەکەین بۆ پرسیارکردن دەربارەی چەمکەکان ئەگەر بکرێت یاسا ڕاستەوخۆ بخوێنرێتەوە؟

وەڵامێکی زۆر جیــاواز بریتی دەبێت لە قبووڵکردنی لێکدانەوەیەکــی ئەفلاتوونی بۆ چەمکەکان، بەو پێیە ئەوان بە هیچ شــێوەیەک نواندنی زەینی نین، بەڵکوو بابەتگەلێکی ئەبستراکتن کە لەگەڵ بابەتە پرســینەوەییەکانی بیرکاری دەگونجێن. کەواتە چەمکی یاسا، دەبێتە بابەتێکی ئەبستراکت بۆ ئەوەی بیر لە یاســا بکاتەوە. بەم پێیە، ئەمە ئەم بابەتە ئەبســتراکتییەی چەمکی یاســایە کە فەیلەسووفان گرنگیی پێ دەدەن و ئامانجیان ئەوەیە کە بە بەکارهێنانی شێوازی شیکاریی چەمکی، لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن (.cf Bealer 1998). لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ڕوانگە لە چەمکەکان ڕووبەڕووی ڕەخنەگەلێکی ئاشنا دەبێتەوە. بۆ هەرکامەیان شرۆڤەیەک پێویستە کە چۆن دەتوانین دەستمان بە چەمکی یاسا بگات، کە وەک بابەتێکی ئەبستراکتی سەربەخۆ بوونی هەبێت. ســەرەڕای ئەوەش ئەگەر بتوانین دەستمان پێبگات، پازڵێک دێتە پێش کە چۆن کەســانی جیاواز کە هەموویان بە شێوەیەکی دیاریکەر لە چەمکی یاسا تێدەگەن دەکرێ لە کۆتاییدا دەربارەی سروشــتی (یاســا) ناکۆک بن (Sarch 2010, 468–73). لە کۆتاییدا، ئەگەرچی لەوانەیە جێی پەســەند بێت کە لقەکانی پێشــوتر وەک بیرکاری و لۆژیک سەرقاڵی لێکۆڵینەوە لە شتە ئەبســتراکتییەکانن (بڕواننە سەروشەی ئەفلاتوونیزم لە فەلســەفەی بیرکاریدا) ڕوون نییە کە لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەک یاسا کە بەتوندی بەستراوەتەوە بە باوەڕەکان، تێڕوانینەکان و هەڵسوکەوت

دەکرێ هاوشـێوە فام بکرێت. لە کاتێکدا بیرکاریزانان لەوانەیە لە سروشـتی شـتە ئەبستراکتەکان وەک ژمـارەکان یان کۆمەڵـەکان بکۆڵنەوە، لەوە گومانێکی زیاتر دەر دەکەوێت کە فەیلەسـووفانی یاسـایی خەریکی توێژینەوە سەبارەت بە یاسای بابەتی ئەبستراکت بن.

### ٢.١.٢ بەدواداچوونی خودی یاسا

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گومانانەی سەرەوە سەبارەت بە شیکاریی چەمکی، چەند بۆچوونێک پێشنیار کراون کە بەپێی ئەو بیردۆزە یاساییانەی ڕیزبەندی یەکەم لە بنەڕەتدا لە کاری باسکردن و ڕوونکردنەوەی سروشتی خودی یاسـادان نەک هیچ چەمک و واتایەک کە لێیەوە دێت. ڕوانگەگەلی داشکێنگەرانە و سروشـتگەرانە دەکەونە ئەم دەستەوە. (وەک لە خوارەوە تێبینی کراوە، ئەم جۆرە تێڕوانینانە پێویستیان بە خۆپاراستنی تەواو لە شـێوازەکانی کورسیی دەسکدار (کورسیی ڕاحەتی) کە کێشراون نییە، بەڵام تا ئەو ڕادەیەی ئەم شێوازانە بە گونجاوی دەمێننەوە، دەبێت ڕوونکردنەوەیەکی زۆر جیاواز بۆ بەرگریکردنەکانیان بدرێت.)

ڕوانگە داشـکێنگەرەکان بەتایبەت هەڵگری ئەوەن کە ڕۆشـنکردنەوەی سروشتی یاسا مەسەلەی ڕوونکردنەوەیە کە یاسـا چییە و چۆن کار دەکات، لە ڕووی ڕاستییە بنچینەییەکانی زیاترەوە. لە ئەنجامدا بیردۆزە یاسـاییەکانی ڕیزبەندی یەکەم سـەر دەکەون تا ئەو ڕادەیەی کە بە شـێوەی ڕوونکردنەوەیەکی بەهێز ئەم کارە ئەنجام بدەن (Marmor 2013). لەسەر ئەم جۆرە تێڕوانینە، ئامانجی بیردۆزی ڕیزبەندی یەکەم، ئەوەیە کە داشـکانگەری میتافیزیکی یاسا ئاراسـتە بکرێت: واتە پیشاندانی ئەوەی کە دیاردەی یاسـا لە ڕاستیدا لە لایەن جۆرێکی تر لە دیاردە بناغەییەکانی تر پێکهاتووە و بەتەواوی داشکێنەرە (بەو شێوەیەی کە دەکرێت کیمیا لە بنەڕەتدا بۆ فیزیای پارتیکڵ داشکێنرێت). بەم شێوەیە، بۆ نموونە پۆزیتیڤیزم بە مەبەسـتی ڕوونکردنەوەی سروشتی یاسا دەبێت ڕاستییەکان سەبارەت بەوەی کە یاسا چییە، چۆن کار دەکات و چی دەوێت، بۆ ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکانی بنچینەییتر، بۆ نموونە، دەربارەی هەڵسوکەوت و باوەڕ و خوو و سرشتی خەڵک دابشکێنێت (بگۆڕدرێت). بە دابینکردنی داشکانگەری لەم جۆرە، بیردۆزێک وەک پۆزیتیڤیزم بانگەشـەی ئەوە دەکات کە خودی دیاردەی یاسـا بە شکاندنی بۆ ناو پێکهاتەکانی و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن پێکەوە ئەو کردەوە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزە پێک دەهێنن، ڕۆشن دەکاتەوە. (بۆ زانیاریی زۆرتر لەسـەر داشـکانگەریی میتافیزیکی بەگشـتی، بڕوانە Schroeder 2007, 61–83، هەروەها سەیری سەروشەی داشکانگەریی زانستی بکەن).

یەکێک لە جۆرە ناسراوەکانی تێڕوانینی داشکانگەرانە بریتییە لە مەعریفەی یاسایی بەسروشتیکراو. برایان لیتەر دیارترین بەرگریکاری ئەم ڕوانگە بووە (Leiter 2007). وەک تێڕوانینە داشکانگەرانەکانی تر، مەعریفەی یاسایی بەسروشتیکراو ئامانجی بیردۆزە یاساییەکان لە ڕوونکردنەوەی خودی سروشتی یاسا دابین دەکات (نەک تێگەیشتنی تاکەکەسیی لێیەوە). بەڵام تایبەتمەندیی مەعریفەی یاسایی بەسروشتیکراو ئەوەیە کە هەروەها سوورە لەسەر ئەوەی کە دەبێت میتۆدێکی ئەزموونیی تەواو بەکار بهێنرێت لە ئەنجامدانیدا (Leiter 2007, 180–81, 183–99). (هەروەها سەیری سەروشەی سروشتگەرایی لە فەلسەفەی یاساییدا بکەن.)

سروشتخوازەکان لەوانەیە لەگەڵ لایەنگرانی ڕوانگە داشکانگەرەکانی تر لەسەر ئەوەی کە ئایا شێوازەکانی کورسیی دەسکداری فەیلەسوفەکان و داواکاری پەیوەندیدار بە شهوودەکان، تاقیکردنەوەی بیرۆکەکان و هاوشێوەکان نادرووستە یان نا، بەشداری بکەن. سروشتخوازێک لەوانەیە ئەم شێوازەی لێکۆڵینەوە ڕەت بکاتەوە، لە کاتێکدا داشکانگەرەکانی تر لەوانەیە زیاتر مەیلی بەکارهێنانیان هەبێت. داشکانگەرێک دەتوانێت لە پرەنسیپدا بەرگری لەم جۆرە لێپرسینەوەیە (توێژینەوەیە) بکات، بۆ نموونە بە بانگەشەی ئەوەی کە شهوودی تایبەتمان تێوە گلاوە لە چەمکێک کە لە ئەزموونەوە بەدەستمان هێناوە لەگەڵ پراکتیکی یاساییدا، بۆیە ئەم جۆرە دەرهاویشتانە دەتوانن ببنە سەرچاوەیەکی بەسوودی زانیاری لەمەڕ سروشتی خودی یاسا. سەرەڕای ئەوەش، ئەگەر پراکتیکی یاسایی (وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی) بەشێکی لە لایەن بیروباوەڕ و هەڵسوکەوتی پسپۆڕان خۆیان پێک بێت بەرامبەر ئەو کردەوەی کە تێوەی گلاون، ئەوا بەڵگە دەربارەی چەمکی یاسا بۆ پسپۆڕانی یاسایی لەوانەیە بەتایبەتی وەک بەڵگەیەک سەبارەت بە خودی یاسا بسەلمێنێت (Stravopoulos 2012, 79).

بەپێچەوانەشەوە، سروشتخوازەکان بەپێی ئامانجیان لەسەر «تیۆریزەکردنی فەلسەفیی بەردەوام و پشتبەستن بە بیردۆزەکردنی زانستی»، شێوازی کورسیی دەسکدار بۆ تاقیکردنەوەی بیردۆزەکانی یاسا لە بەرامبەر شهوود پەسەند ناکەن (Leiter 2007, 35). لیتەر باس لەوە دەکات کە شهوودەکانی ئێمە دەربارەی یاسا زۆر بڕواپێنەکراون بۆ ئەوەی قورسایی مەعریفیی زۆر دابین بکرێت (وەک ئەوانی تر سەبارەت بە شهوودەکان لە بوارەکانی تری فەلسەفە باسیان کردووە.) (Leiter 2007, 180, 184; cf. Cummins 1998). لە ڕوانگەی لیتەرەوە، فەیلەسوفەکان بەگشتی پێویستە ئامانجیان کردنەوەی ئەو «چەمکانە بێت کە لەگەڵ ڕۆڵیان لە ڕوونکردنەوە و پێشبینیکردنی سەرکەوتووانەی دیاردە ئەزموونییەکان

بەرگری دەکات» (Leiter 2007, 184). بەم شـێوەیە، ئەو میتۆلۆژییەک پێشنیار دەکات کە «ئەدەبیاتی زانسـتی کۆمەڵایەتی لەسـەر یاسـا جددی دەگرێت بۆ ئەوەی بزانێت چ چەمکێک لە کەسایەتیی یاسا لە بەهێزترین مۆدێلی شرۆڤەکاری و پێشـبینیکەری دیاردە یاسـاییەکان وەک ڕەفتاری دادوەری هەیە» (Leiter 2007, 184). هەرچۆنێـک بێت، ئەم تێڕوانینە میتۆدییانە پرسـیار دروسـت دەکات کە بۆچی فەیلەسـووفی یاسایی دەبێت تەنیا ڕەفتاری دادوەرییانە لەبەرچاو بگرێت نەک شتێکی تر. بە شێوەیەکی گشتی، سروشتخواز قەرزارداری شرۆڤەیەکە کە چ تایبەتمەندییەکی یاسا زۆر پێویستی بە لێکدانەوەیە و بۆچی.

جۆرێکی جیاواز لە نیگەرانی کە بۆ ڕوانگەی داشکانگەری (و ڕەنگە ڕوانگە سروشتخوازەکانیش) دروسـت دەبێت ئەوەیە کە لەوانەیە کێشەی تایبەت بۆ پۆزیتیڤیزم دروست بکات. بەتایبەتی ئەگەر یاسا دیاردەیەکـی نۆرماتیڤ بێت کە دەبێتە هۆی پابەندبوونی یاسـایی، لەوانەیە نیگەرانی هەبێت لەوەی کە ناکرێت ڕاسـتییە یاساییەکان (واتە ڕاستییەکان سـەبارەت بەوەی کە دەروەستییە یاساییەکانمان چییە) بۆ کۆمەڵێک ڕاستیی تەواو نانۆرماتیڤ، بۆ نموونە ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان داشکێنرێت. لەوانەیە کەسێک وا بیر بکاتەوە کە ئەمە بە شێوەیەکی ناجێگیر لە کەلێنی ناسراو (هەرچەندە جێی باس نییە) تێدەپەڕێنێت. (بۆ باسکردن لەسەر ئەم جۆرە نیگەرانییە سەبارەت بە پۆزیتیڤیزم، بڕواننە Shapiro 2011, 47–49.)

لە وەڵامدا، ڕێگایەک کە ئەو پۆزیتیڤیسـتانەی دەیانەوێت داشـکانباوەڕ بـن و دەتوانن بیگرنە بەر ئەوەیە کە ڕاستییە یاساییەکان بەڕاستی سروشتێکی وەسفییان هەیە، نەک نۆرماتیڤی ڕاستەقینە. بەتایبەتی، ئەو جۆرە پۆزیتیڤیسـتانە لەوانەیە بانگەشەی ئەوە بکەن کە ڕاسـتیەکان دەربارەی دەروەستیی یاساییمان تەنیا ڕاستیی وەسفکەرن دەربارەی ئەوەی کە یاسا چی دەڵێت کە پێویستە ئەنجامی بدەین، نەک ڕاستیی نانۆرماتیڤ دەربارەی ئەوەی کە ئێمە بەڕاستی پێویستە ئەنجامی بدەین (Shapiro 2011, 188؛ هەروەها بڕواننە Hart 1994, 110).

### ٣.١.٢ ڕوانگەی لێکۆڵینەوەی میتانۆرماتیڤ

ڕوانگەیەکـی تری میتۆدۆلۆژیـی ئەم دواییەی کە لە لایەن پلۆنکێت و شـاپیرۆوە (٢٠١٧) پەرەی سـەندووە، مەعریفەی یاسای گشتی بە تەنیا لقێکی تری لێکۆڵینەوەی میتانۆرماتیڤ دادەنێت. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەی دواییە وەک بابەتێکی گشـتی مەبەسـتی ئەوەیە کە ڕوونی بکاتـەوە کە چۆن هزر و وتە

(ئاخافــتن) و قەوارە نۆرماتیڤییەکان (ئەگەر هەبێت) لــە واقیعدایە. میتائیتیک لقێکی تری لێکۆڵینەوەی میتانۆرماتیڤــە، کە جەخت لەســەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن هزر و قســە و قــەوارە ئاکارییەکان لە واقیعدا دەگونجێن. بۆیە لە ڕوانگەی ئێســتادا بابەتی لێپرســینەوە لە مەعریفەی یاسای گشتیدا هزر و ئاخافتن و قەوارەکان (ئەگەر هەبێت) یاســایی دەبــن و ئامانجی بوارەکە ڕوونکردنــەوەی چۆنیەتیی بیرکردنەوە و قســەکردن لەسەر یاسا و هەروەها پێکهاتە یاســاییەکان و تایبەتمەندییە یاساییەکانە (ئەگەر هەبێت) –بە باشترین شێوە لە ڕوانگەی فەلسەفیی گشتی لە واقیعەتدایە. لەسەر ئەم تێڕوانینە، لێکۆڵینەوەی مەعریفەی فەلسەفییانەی یاسا بەردەوام دەبێت لەگەڵ، و لە ڕووی میتۆدییەوە تەواو هاوشێوە دەبێت، بەو کارەی کە لە بوارەکانی تری لێکۆڵینەوەی نۆرماتیڤ و بەتایبەتی فەلسەفەی ئاکار و جوانیناسیدا دەکرێت.

بەهەرحــاڵ پرســیارێک کە بۆ ئەم پێگەیە دروســت دەبێت، ئەمەیە کە تــا چ ڕادەیەک ئەم میتۆدە میتۆدێکی جیایە لەوانەی لەســەرەوە باس کران. ئەگەر تەرکیز لە پرســی میتانۆرماتیڤی کەسێک، هزر و ئاخافتنی یاســایی بێت، ئــەوا دیارە ئێمە زیاتر نزیک دەبینەوە لە وێنەی شــیکاریی چەمک کە چۆن دەبێ مەعریفەی یاســایی بەردەوام بێت. لە لایەکی ترەوە، ئەگەر ســەرنجی پرســیارەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن قەوارە یاساییەکان یان تایبەتمەندییەکان بەگشتی لەگەڵ واقیعدا دەگونجێن، ئەوا ئــەم ڕوانگەیە لە کۆتاییدا نزیکە لە پێگەی سروشــتگەرایی، کە بابەتی لێپرســینەوەی دادوەریی خودی دیاردەی یاسایە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە سەرنجڕاکێشیی دیاریکراوی ڕوانگەی میتانۆرماتیڤ ئەوە بێت کە دەتوانێت نیشانی بدات کە چۆن وێنەی شیکاریی چەمکی و وێنەی سروشتگەرێتی، پارچە جیاکانی پــرۆژە گەورەترەکــەی ئەو ئەرکەی کە مەعریفەی یاســا تێــوەی گلاوە، دەخاتــە ڕوو. کەواتە لەجیاتی ئەوەی کە شــوێنی ئــەو میتۆدۆلۆجییەی تر بگرێتەوە کە لەســەرەوە باس کــرا، تێڕوانینی میتانۆرماتیڤ، ئەگەر درووســت بێت، ئەوا ئەوە دەبێتە خاڵێکی دەستپێک بۆ لێکۆڵینەوەی مەعریفەی یاسایی (وەک میتافیزیکی ناوەڕۆکی یاسایی، شیکاریی مانایی دەربڕینە (گوزارە) یاساییەکان، یان سروشتی پابەندبوونە یاساییەکان).

### ٤.١.٢ ڕوانگەی دەستووری

جۆرێکــی جیاواز لە ڕێبازی میتۆدی لە مەعریفەی یاســادا هەڵگری ئەوەیە کە ئامانجی گونجاوی بیردۆزێکی یاســایی دیاریکردنی چەمکێکی گەوهەریی (بنچینەیی) یاســایە کــە بەتایبەتی بۆ خەڵک جێی پەسەند دەبێت. ســەرەڕای ئەوەش، ئەگەر چەمکی یاسا کە ئەم لێکۆڵینەوە لە کۆتاییدا پشتگیریی

لێ دەکات بە شـێوەیەکی ڕیشەیی لە تێگەیشتنی پێش بیردۆزیمان لە یاسا دوور دەبێتەوە، ئەوا بیردۆزی ئەنجامەکە پێشنیاری وازهێنان لەو تێگەیشتنە پێشوەختەی یاسا دەدات. بەو پێیە، ئەگەر مەعریفەی یاسا بە شـێوەیەکی سەرەکی هەوڵ و تەقالایەکی دەستووری بێت، ئەوا بیردۆزەکانی یاسا لەوانەیە کۆتاییان بێت بە پێداچوونەوەی ڕیشەیی لە سروشتدا (هەرچەندە مەرج نییە).

وەک لە بەشـی لاوەکیـی دواتردا ڕوون کراوەتەوە، ڕوانگـەی میتۆدیی دۆرکین هەندێک تۆخمی دەسـتووری لەخۆ دەگرێت. بەڵام یەکێک لە پارێزەرە (بەرگریـکار) دیارەکانی پرۆژەی تەرخانکراوی دەستووری نیل ماک کۆرمیکە (MacCormick 1985؛ هەروەها بڕوانە Campbell 1996; Murphy 2001; Postema 1989; Schauer 1996; Waldron 2001). مـاک کۆرمیک باس لەوە دەکات کە مشتومڕی نۆرماتیڤی ناچارکراو (قایلکراو) هەیە لە بەرژەوەندیی گرتنەبەری چەمکی پۆزیتیڤیست لە یاسا. بەتایبەتی پێشـنیاری ئەوە دەکات کە بەهاگەلی وەک خۆبەڕێوبـەری و ئازادیی ویژدان دەخوازێت کە یاسا بە دەستی قورسەوە، «بواری بەها ئاواتییەکان، ئەرکی ڕێزگرتن لە خۆ و ئەرکی خۆشەویستی» ڕێک نەخات، ئەو بوارەی کە پێوەندیی هەیە بە «گەڕان بۆ چاکەی سـەرتر لە ئەرک، یان بۆ هێڵە ڕاسـتەکانی گەشـەکردنی تاک یان بۆ ئاوڕدانـەوەی گونجاو لە خێزان، هاوڕێ یان دراوسـێکان» (MacCormick 1985, 35–36). مـاک کۆرمـاک پێی وایە بەهـای وەک ئۆتۆنۆمی و ئازادیی ویژدان پشـتگیریی ئەو بانگەشەیە دەکات کە لانیکەم لە نێو بواری هەڵسوکەوتدایە، گونجاوە ئەو پرسیارە بمێنێتەوە کە چییەتیی یاسا پێویستی بە جیابوونەوەی تەواو هەیە لەو پرسیارەی کە ڕەوشت پێویستی بە چییە. هەرچۆنێک بێت، ماک کۆرمیک ڕێگە دەدات کە یاسا بە باشی بتوانێت بواری «ئەرکی دادپەروەری» ڕێک بخات، چونکە ئەم ئەرکانە لە هەندێک مانادا قورسترن (MacCormick 1985, 35).

بەو پێیە، لانیکەم لە هەندێک بواری هەڵسـوکەوتدا، ئەو پرسیارەی کە پێویستە یاسا چۆن بێت جیا بکرێتەوە لەو پرسـیارەی کە ڕەوشت چی دەوێت. بەم شێوەیە، ماک کۆرمیک وا دیارە کە گفتوگۆیەکی نۆرماتیڤ پێشـکەش دەکات بۆ بانگەشـەیەک کە زۆرجـار لەگەڵ پۆزیتیڤیزمدا پەیوەسـت بووە، واتە وەشـانێک لە تێزی جیایی. (هەرچەندە، وەک پێشـتر بینرا، ڕوون نییە کە هەموو پۆزیتیڤیستەکان دەبێت پابەند بن بە دەقی بەهێزی ئەم تێزەوە.)

لە کاتێکدا ئەو پرسـیارەی کە چ چەمکێک (واتایەک) لە یاسـادا زۆر پەسەندە کە خەڵک وەری دەگرێـت بە دڵنیاییەوە شـتێکی گرنگە، بـەڵام گرنگە تێبینیی ئـەوە بکرێت کە ڕوانگەی دەسـتووری

میتۆدناسی لە مەعریفەی یاسادا بە ڕاستی لە پێشبڕکێدا نییە لەگەڵ ڕوانگەی شیکاریی چەمکی یان ڕێبازی داشکانباوەڕیدا. سەرەڕای هەموو ئەم باسانە، ڕەنگە بۆ نموونە ئەوە دەرکەوێت کە پۆزیتیڤیزم باشترین لێکدانەوەی چەمکی یاسامان بۆ دابین دەکات، یان ڕەنگە باشترین لێکدانەوە داشکانگەری لە دیاردەی یاسا خۆی بێت، هەرچەندە مشتومڕی نۆرماتیڤی ناچارکەر (قایلکەر) هەیە بۆ گۆڕینی کردەوە یان گرتنەبەری چەمکێکی نوێی. بەم پێیە، لێکدانەوەی چەمکی یاسا یان بیردۆزی داشکێنگەرانەی یاسا مەرج نییە لەگەڵ لێکدانەوەی دەستووری کە چ بیردۆزێکی یاسایی لە ڕوانگەی ئاکارییەوە پەسەندترە بۆ دانان، ناتەبا بێت.

### ٥.١.٢ شرۆڤەی بنیاتنەر بۆ کردەوەی یاسایی

ڕوانگەیەکی میتۆدییانەی کۆتایی، کە بەهۆی کارتێکەریی و هەم ئاڵۆزبوونی شایانی چارەسەری جیایە، ڕوانگەی دۆرکینە (Dworkin 1986). ئەم تێڕوانینە لەسەر ئەم باوەڕەیە کە (i) ئامانجی بیردۆزی یاسای ڕیزبەندی یەکەم، پراکتیکی یاسایی بەردەستە و (ii) ئەم بیردۆزانە تا ئەو ڕادەیە سەر دەکەون کە لێکدانەوەیەکی بنیاتنەرانەی دەستنیشانکراو (بە مانای دۆرکین) لەو پراکتیکە ئاراستە دەکەن. بەپێی تێڕوانینی لێکدانەوەی بنیاتنەر، ئامانجی بیردۆزی ڕیزبەندی یەکەم لە یاسادا شیکردنەوەی هیچ چەمکێک یان داشکاندنی ڕاستییەکانی یاسایی بۆ ڕاستییەکانی تری بنچینەیی نییە. بەڵکوو ئامانجی بیردۆزی یاسایی ئەوەیە کە ڕەفتار و خۆتێگەیشتنی بەشداربووان لە پراکتیکی یاساییدا بنیات بنێتەوە و سەرەڕای ئەوەش بە جۆرێک ئەم کارە جێبەجێ دەکات کە باشترین ڕووناکیی ئاکاریی خۆی پیشان دەدات. لە ئەنجامدا بیردۆزێکی یاسا سەرکەوتووترە و هەموو لەگەڵ داتاکاندا دەگونجێت سەبارەت بەوەی کە چۆن پسپۆڕانی یاسایی لەو پراکتیکە تێدەگەن کە تێیدا بەشدارن، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو کردەوەیە پاساوهەڵگرە (Dworkin 1986; Perry 1995, 129–31؛ هەروەها سەیری سەروشەی شرۆڤەگەریی یاسایی بکەن).

پەرۆشییەک سەبارەت بە ڕوانگەی شرۆڤەی بنیاتنەرانە لە میتودۆلۆژیای مەعریفەی یاسایی ئەوەیە کە ڕەنگە لەکێبڕکێیەکی ڕاستەقینەدا لەگەڵ شیکاریی چەمکی یان ڕوانگەی داشکێنگەرانەی میتۆدناسیدا نەبێت. سەرەڕای هەموو شتێک، جۆرێک لە پرۆژەکە ئەوەیە کە ڕوونی بکاتەوە کە یاسا لە ڕاستیدا چییە و چۆن کار دەکات (لەوانەیە بەپێی مانا و تێگەیشتنی ئێمە بێت). بەڵام ئەوە پرۆژەیەکی زۆر جیاوازە بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە کە چۆن دەبێت یاسا وێنا بکەین بۆ ئەوەی کردەوەی یاسایی بە شێوەیەکی

ئاسـایی پاسـاوی بۆ دابنرێت. دیاره لێکدانەوەی ئێمە لەسـەر ئەوەی کە لە ڕاسـتیدا کامە یاسایە یەک شتمان پێ دەڵێت (بۆ نموونە ئەو تایبەتمەندییە دیاریکراوانەی کە گرنگن و هەندێکی تر نا)، لە کاتێکدا لێکدانەوەی ئێمە لەوە کە یاسـا دەبێت چۆن بێت بۆ ئەوەی کردەوەکە وەک ئەوەی گونجاو بێت پێمان دەڵێـت بیر لە یاسـا بکەینەوە بە جۆرێکی تـر وەک بوونی تایبەتمەندییە گرنگە جیـاوازەکان. بەم پێیە، هەندێک پێیان وایە کە تێڕوانینی لێکدانەوەی بنیاتنەر تەنیا لە کاتێکدا لەگەڵ ئەو تێڕوانینە میتۆدییانەی کە لەسـەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە، دەرگیر دەبن کە تەنیا ئەگەر لەوەی کە بانگەشەی دەکەن، نکۆڵی بکەن: واتە بیردۆزە یاساییەکان هەوڵی دابینکردنی ڕوونکردنەوەیەک دەدەن (لەوانەیە لە جۆرێکی تایبەت وک داشکێنەرانە) لە سروشتی ڕاستەقینەی یاسا (یان لەوانەیە تێگەیشتنی ئێمە لە یاسا).

ڕێگەیەک کـە لایەنگرانی ڕوانگەی شرۆڤەی بنیاتنەر لەوانەیە لە بڕێک ڕوانگە میتۆدۆلۆجییەکانی دیاریکـراوی تر کە بانگەشـەی بۆ دەکـەن نکۆڵی بکـەن، نکۆڵیکردنە لەوەی کـە تەنانەت دەکرێت ڕوونکردنەوەیەکی داشکێنەرانەی یاسا بدرێت. (بۆ باسکردن بڕوانە Marmor 2013, 218.) بیرۆکەکە دەبێت بانگەشەی ئەوە بکات کە یاسا کردەوەیەکی نۆرماتیڤە و ڕاستییە نۆرماتیڤەکان ناتوانن کەم بکرێنەوە (بگۆڕدرێن) بۆ ڕاسـتییە نانۆرماتیڤەکان بەبێ لەدەسـتدانی شـتێکی بنەڕەتی. لە وەڵامدا، داشـکانباوەڕ (داشـکانگەر) لەوانەیە یان نکۆڵی لەوە بکات کە ڕاستییە یاساییەکان بە ڕاستی نۆرماتیڤن (لەو حاڵەتەدا داشکاندن بەدوایدا بێکێشە دەبێت)، یان لەوانەیە بانگەشەی ئەوە بکات کە هەر داشکانێکی سەرکەوتوو دەبێت ڕاستییە یاساییەکان بۆ کۆمەڵێک ڕاستی کە ڕاستیی نۆرماتیڤی تێدایە، دابشکێنێت (لەو حاڵەتەدا دەقێکی بیردۆزی یاسای سروشتی لەوانەیە سەرەنجڕاکێش دەربکەوێت).

## ٢.٢ ئایا بیردۆزی یاسایی بە شێوەی زاتی هەڵسەنگێنەرە؟

دووەمین پرسیار کە بەفراوانی باس دەکرێت سەبارەت بە میتۆدناسیی مەعریفەی یاسایی ئەوەیە کە ئایا بیردۆزە یاساییەکانی ڕیزبەندی یەکەم بەشێوەی خۆڕسک (زاتی) هەڵسەنگێنەرن یان نا. ئەو بۆچوونانەی سەرەوە سەبارەت بە ئامانجی گونجاوی بیردۆزە یاساییەکانی ڕیزبەندی یەکەم دەرهاویشتەیەکی جیاوازیان هەیە دەربارەی ئەم پرسـیاری دووەمە. بەڵام پێش ئەوەی ئەوە ڕوون بکەینەوە، پێویستە سەرەتا پرسیاری پەیوەندیداری ڕوونتر لە ڕوانگەکە بەدەست بهێنین.

### ١.٢.٢ پێشەکییەکان

بۆ دەستپێکردن، لەوانەیە جێی سەرسامی بێت کە هۆگربوون بەم پرسیارە کە ئایا بیردۆزی یاسایی بە شێوەی خۆڕسک جێی بایەخە، لە کوێوە دێت. هەندێک لەم هۆگرێتییە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەم نیگەرانییە گوماناوییە کە بیردۆزە یاساییەکان بە تەواوی وەسفی دەکەن لە ڕاستیدا پاڵ بە هەندێک ئەجێندای شاراوەی ئایدیۆلۆژی یان سیاسی دەدەن. (بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بۆ نموونە بڕواننە پێشەکیی جۆن گاردنەر بۆ Dickson 2004.) سەرچاوەی دووەمی هۆگرێتی بەم پرسیارە لەوانەیە گومان (یان هیوا) بێت کە ئەگەر بیردۆزی یاسایی سەلماندی کە بە شێوەی خۆڕسک بایەخی هەبێت، ئەوە هۆکارێکی سەربەخۆ دەبێت بۆ هەڵگرتنەوەی هەندێک وەشانی بیردۆزی یاسای سروشتی. بەهەرحاڵ ئایا ئەمە ئەوەندە بەگومان دەمێنێتەوە، لەو کاتەوەی کە میتاپرسیارەکان دەربارەی میتۆدۆلۆژیای بیردۆزی یاسایی هەر لە سەرەتاوە پێ دەچێت سەربەخۆ بێت لە پرسیارەکان لە بیردۆزی یاسای ڕیزبەندی یەکەم وەک ئەوەی کە دیاریکەرانی ناوەڕۆکی یاسا چین. سەرەڕای ئەمە، زانایانی یاسایی ڕەنگە لە ڕێگەی ڕەچاوکردنی مشتومڕی دۆرکینەوە بۆ مەسەلەی ئێستا ڕابکێشرێن کە پەیوەندییەکی زۆر توندوتۆڵ هەیە لە نێوان سروشتی هەڵسەنگێنەریی تیۆریزەکردن سەبارەت بە یاسا و سروشتی هەڵسەنگێنەریی خودی یاسا و لانیکەم تا ڕادەیەک، بەپێی تێبینییەکانی ئاکاری-سیاسی، ناوەڕۆکی یاسا بەناچاری سەربەخۆ دەکات. بێ گوێدان بە هاندانەکان بۆ تێوەگلان لە دیبەیتەکەدا سەبارەت بەوەی کە ئایا بیردۆزی یاسایی بە شێوەیەکی سەرەکی هەڵسەنگێنەرە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دیبەیتە (مشتومڕە) گرنگییەکی سەربەخۆی وەرگرتووە و خۆی لە خۆیدا بووەتە سەرچاوەیەکی پڕ بەرهەم بۆ تێگەیشتن.

بۆ خۆلادان لە سەرلێشێواوی، ئەو پرسیارەی کە لێرەدا مژاری باسی ئێمەیە، دەبێت بە چەند شێوازێک ڕوون بکرێتەوە. چونکە چەند ڕێگەیەکی بێ ئەملا و ئەولا و مسۆگەر هەیە کە بیردۆزی یاسایی قایلکەرە یان لەوانەیە هەڵسەنگێنەر بێت و ئەمانە ناچنە ناخی مشتومڕی میتۆدییانە لە مەعریفەی یاسادا.

یەکەم، چەند ڕێگەیەکی لاوەکی (ناسەرەکی) هەیە کە بیردۆزی یاسایی، وەک بیردۆزەکان سەبارەت بە هەر بابەتێک، بە شێوەیەکی ئاشکرا ناتوانێت بە تەواوی بێبایەخ بێت. بەتایبەتی وا دیارە مرۆڤ ناتوانێت بەشدار بێت لە کاری تیۆریزەکردنی یاسا بەبێ هەڵسەنگاندنی ئەو ڕادەیەی کە بیردۆزە جۆراوجۆرەکان تا ئەو ڕادەیە یەکڕیز و سادە و ڕوون و جوان و گشتگیرن (Dickson 2004, 32–33). ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بیردۆزە یاساییەکان دەبێت بە جۆرێک لە هەڵسەنگاندن بەشداری بکەن. بەڵام لەم بوارەدا

هیچ شتێکی تایبەت سەبارەت بە بیردۆزی یاسایی نییە. هەرچۆنێک بێت، ئەم ڕەوشتبەرزییە میتاتیۆرییانە پێوەرن بۆ سەرکەوتنی بیردۆزەکان سەبارەت بە هەر بابەتێک.

دووەم شـێوازێک کە وادیارە جێی مشتومڕ نییە بیردۆزی یاسایی هەڵسەنگێنەرە کە مرۆڤ ناتوانێت دەسـت بکات بە پەرەپێدان بە بیردۆزی یاسـا بەبێ دیاریکردنی هەرکام لە تایبەتمەندییە ناوەندییەکانی کـە دەبێت لەبەرچاو بگیردرێت (Dickson 2001, 38–45). بۆ نموونە جۆن فینیس باس لەوە دەکات کە مرۆڤ ناتوانێت بیردۆزی یاسـایی ڕیزبەندی یەکەم ئەنجام بدات بەبێ هەڵوێسـت وەرگرتن لەسەر ئەوەی کە تایبەتمەندییە گرنگەکانی یاسا چین کە بیردۆزە پێویستەکان دەبێت ڕوونی بکەنەوە (بۆ نموونە بانگەشـەی یاسـا بۆ دەسـەڵات). هەرچۆنێک بێت، ئەمە پێویستی بە هەڵسـەنگاندنە (Finnis 1980, 9–15).

لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە بەتایبەتی جێی مشتومڕ نەبێت کە بیردۆزی یاسایی بەم شێوەیە هەڵسەنگێنەر بێـت. بۆ ئەوەی بزانین بۆچی، جیاوازی هەیە لە نێوان (١) داواکاریی هەڵسـەنگێنەرانەی ئەسـتوور، کە جۆرێک لە چاکەی ئـاکاری، یان لەوانەیە هەموو بەها ڕەچاوکراوەکان، لە بڕگەیەکدا پێشـبینی دەکات و (٢) داواکاریی هەڵسـەنگێنەرانەی تەسـک، کە پێشـبینی ناکات. (ئەم جیاکارییە تـا ڕادەیەکی زۆر شـوێنپێی جیاکاریی جولی دیکسۆن لە نێوان پێشـنیارە ڕاستەوخۆ هەڵسـەنگێنەرانەکان و ناڕاستەوخۆ هەڵسـەنگێنەرانەکانی پێوە دیارە. بڕوانە Dickson 2001, 51–55.) بەم شێوەیە، سادەترین داواکاریی هەڵسەنگێنەری ئەستوور ئەم فۆرمەی هەیە: X لە ڕووی ڕەوشتەوە [هەموو شتەکان لەبەرچاو دەگیردرێت] بـاش [خراپ]ە. ئەو جۆرە بانگەشـانە لەوانەیە لە سروشـتدا بەراورد بکرێن، وەک ئـەوەی کە فۆرمیان هەبێت: X لە ڕووی ئاکارییەوە باشترە یان خراپترە لە Y. بەپێچەوانەوە، داواکاریی هەڵسەنگێنەری تەسک، دادوەری دەکەن کە چەند بە باشی هەندێک شت نزیکن بە ستانداردێک کە نە ئاکارییە و نە هەموو شتێک بە نۆرماتیڤ دادەنرێت. ئەم جۆرە بانگەشـانە پێویستیان بە هیچ داواکارییەکی هەلسێنگەرانەی ئەستوور نییە. نموونەکانی داواکاریی هەڵسـەنگێنەرانەی تەسک بەم شێوەیە کە X «گرنگە» و X «سەرنجڕاکێشە». بەم پێیە تەنانەت ئەگەر تیۆریسـتانی یاسایی دەبێت سازدەری داواکاریی هەڵسەنگێنەری تەسک بن بۆ ئەوەی بتوانن پرۆژەی پەرەپێدانی بیردۆزی یاسایی ڕیزبەندی یەکەم دەست پێ بکەن، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە دەبێت داواکاریی هەڵسـەنگێنەری ئەستوور بکەن بۆ ئەوەی ئەو کارە جێبەجێ بکەن. سەرەڕای ئەمانەش، لەوانەیە کەسـێک بیردۆزێک بنیات بنێت کە کۆمەڵێک دیاردەی یاسایی بگرێتە خۆی کە بە

ناوەندی یان گرنگ دادەنرێن، لە کاتێکدا هێشتا بە نامۆیی (گوماناوی) ماونەتەوە سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەم دیاردانە خۆیان بەنرخن یان نا.

ڕێگای سێیەم کە بیردۆزی یاسایی لە پرەنسیپدا دەتوانێ هەڵسەنگێنەر بێت، هەرچەندە بە شێوەیەکی نامشــتومڕانە (ئاســایی)، لە لایەن ڕوانگەی دەستووری کە لە بەشــی (٣.١.٢)دا گفتوگۆی لەسەر کراوە، پێشــنیار کراوە. ئەگەر کاری (ئەرکی) بیردۆزی یاسایی ڕیزبەندی یەکەم دەستنیشانکردنی چەمکی یاسا بێت ئەوە زۆر گونجاو دەبێت بۆ ئێمە بۆ کەڵکوەرگرتنی، ئەوا هەستێک هەیە کە بیردۆزی یاسا لە ئەنجامیدا بێ گومان هەڵسەنگێنەر دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک لە سەرەوە بینرا، بیردۆزە دەستوورییەکان ئامانجی وەڵامدانەوەی پرســیارێکی جیاوازن لە بیردۆزەکان لە شیکاریی چەمکەکان، جۆرەکانی داشکاندن یان لێکدانەوە. کەواتە ئەوەی جێی مشــتومڕە ســەبارەت بەوەی کە ئایا بیردۆزی یاسایی هەڵسەنگێنەرە ئەوە نییە کە ئایا بیردۆزی یاسایی لە پرەنسیپدا دەکرێت هەڵسەنگێنەر بێت، بەڵکوو ئەوەیە کە بەپێویست یان ناچار وایە.

ئێستا ئێمە لە پێگەیەکداین بۆ ئەوەی بە تەواوی پرسیاری جێ بایەخی سەرەکی لێرە بەرز بنرخێنین. بەتایبەتی، ئەوە ئەوەیە کە ئایا بیردۆزەکان ســەبارەت بە سروشتیبوونی کردەوەی یاسایی بەردەست (یان لەوانەیە مانا و تێگەیشتنی ئێمە بێ) بەپێویست تێوەگلانی داواکاری هەڵسەنگێنەرانەی ئەستوور سەبارەت بە یاسایە. واتە ئایا پێشنیارکردنی بیردۆزێکی ڕیزبەندی یەکەمی یاسا یان شیکاریی چەمکی، داشکانگەری یان لێکدانەوەی بنیاتنەر، پێویســتی بە یەکێک هەیە بۆ قبووڵکردنی بانگەشــەکان دەربارەی ئەوەی کە یاســا چەند بەنرخە، یان هەندێک تایبەتمەندی کە لێیەوە دێت؟ ئەمە ئەو پرســیارەیە کە لە درێژەی ئەم نووسراوەیە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

### ٢.٢.٢ ئایا بیردۆزی یاسایی لە مانای پەیوەندیداردا هەلسەنگێنەرە؟

هەندێک وەڵام بۆ ئەو پرسیارەی کە لە بڕگەی (١.٢)دا باس کرا پێشنیاری ئەوە دەکەن کە بیردۆزەکانی یاســا بە شێوەیەکی بنچینەیی هەڵســەنگێنەرن لە مانای پابەندکردنی داکۆکیکارانی ئەم بیردۆزانە بۆ داوا هەڵسەنگێنەرە ئەستوورەکان دەربارەی یاسا. وەک دەبینین، ئەمە زۆر بە شیوەیەکی بەرچاوە لەسەر تێڕوانینی لێکدانەوەی بنیاتنەر بۆ میتۆدناســی. بەپێچەوانەوە، وەڵامەکانی تر بۆ ئەو پرسیارەی کە لە بەشی (١.٢)دا باســیان لەسەر کراوە، بەڕوونی ئەوە ناگەیەنێت کە بیردۆزە یاســاییەکانی ڕیزبەندی یەکەم بانگەشەکانی

خۆیان ئەنجام بدەن بۆ داواکاری هەڵسەنگێنەرە ئەستوورەکان. بەتایبەتی ئەمە حاڵەتێکە بۆ شیکردنەوەی چەمک و تێڕوانینە داشکانگەرەکانی میتۆدناسیی دادوەری بە لایەنی کەمەوە لە ڕووی خۆیانەوە، هەردوو ئەم تێڕوانینانە وا دەر دەکەون کە بتوانن بەتەواوی شرۆڤەی وەسفی یاسا هەبێت، واتە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە تایبەتمەندییە ناوەندییەکانی یاسا هەڵدەگرن بەبێ ئەوەی پابەند بن بە هیچ هەڵسەنگاندنێکی ئاکاری یان بیرلێکردنەوە لە یاسـا. لە دوای هەموو شتێک لەوانەیە کەسـێک وا بیر بکاتەوە کە لێکدانەوەیەکی دیاریکراو کارێکـی باش دەکات بۆ گرتنی چەند چەمکێکی بەربڵاوی هاوبەش لە یاسـادا، بەڵام ئەمە بەئاشکرایی تاک پابەند ناکات بە گوتنی ئەوە کە یاسا لەسەر واتا و چەمک باشە. بە هەمان شێوە، لەوانەیە مرۆڤ داشکاندنی ڕاستییەکانی یاسایی پەسەند بکات بۆ هەندێک لە کۆمەڵی بنچینەییتر لە ڕاستییەکان (بۆ نموونە، هەندێک ڕاستیی کۆمەڵایەتی) بەبێ ئەوەی ئەو کەسە پابەند بێت کە بیر لەوە بکاتەوە کە یاسا بەنرخە یان لە ڕووی ئاکارییەوە پاساوی بۆ دانراوە.

لـە ئەنجامدا لانیکـەم بەڕواڵەت، هەردوو ڕوانگەی شـیکاریی چەمکی و داشـکانگەرانە وا دەر دەکەون کە ڕێگە بە بوونی بیردۆزەکانی یاسای ڕیزبەندی یەکەم بدەن کە بەتەواوی وەسفکەرن. هەندێ مشتومڕ پێویسـتە ئەگەر بمانەوێت ئەنجامە پێچەوانەکە پەسەند بکەین. بەم پێیە، با هەندێک مشتومڕی دیار لەبەرچاو بگرین بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە بیردۆزی یاسایی دەبێت لە سروشتدا بە شێوەیەکی سروشتی هەڵسەنگێنەر بێت. (بۆ سەرنجدانێکی گشتی، بڕوانە Marmor 2011, 122–35.)

**ئارگیومێنتی کردەوە یاساییەکان**

مشـتومڕی ناوەندی بۆ ئەو کاریگەرییەی کە بیردۆزی یاسـایی دەبێت لە مانایـەی پەیوەندیداردا هەڵسـەنگێنەر بێت لەو بیرۆکەیەوە دەسـت پێدەکات کە تێگەیشـتن لەوەی کە یاسا چییە پێویستی بە وەرگرتنـی تێڕوانینێک هەیە دەربارەی ئەوەی کـە چ کردەوەیەک خزمەتـی دەکات (Finnis 1980, 12–17; Perry 1995, 114–20). لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە کەسێک وا بیر بکاتەوە کە کردەوەکان بەو مانایە هەڵسەنگێنەرن کە پێوەندیدانی کردەوەیەک بە شتێکە کە ستانداردێک پەسەند بکات کە بەو پێیە ئەو شـتە وەک سەرکەوتوو یان ناسەرکەوتوو دادوەری بکرێت. بەم شێوەیە لەوانەیە وا بیر بکرێتەوە کە بیردۆزی یاساییش بە شێوەیەکی خۆڕسک هەڵسەنگێنەرە.

لـە کاتێکدا ئەم شـێوە بیرکردنەوە قایلکەرانە ئەوە دەر دەخات کە بیردۆزی یاسـایی پێویسـتی بە قبووڵکردنی هەندێک بانگەشەی هەڵسەنگێنەرانەی هەیە، بەڵام بەئاشکرا ئەوە نیشان نادات کە بیردۆزی

یاسایی مەرج نییە داواکاریی هەڵسەنگێنەرانەی ئەســتووری تێدا بێت (Dickson 2001, 114–125). داواکارییەکانی فۆرمی «فانکشــنی F ،X»، بە شێوەیەکی سروشتی پۆلێن کراون لەگەڵ «X گرنگە» (یان بەوردی، «X گرنگە بۆ هەندێک مەبەســتی Y») وەک داواکاریی هەڵســێنگێنەرانەی تەســک. بەم پێیە، جەخت دەکرێت کە کردەوەی یاسایی F بەئاشکرا هیچ داواکارییەکی چڕی هەڵسەنگێنەری لەسەر یاسا ناگەیەنێت. لە دوای هەموو شتێکەوە، ڕوون نییە کە بۆچی خستنەپاڵی کردەوەیەک بە شتێک پێویستی بەم باوەڕەوە هەیە کە ئەنجامدانی ئەو کردەوەیە یان هەموو شــتێکی لەبەرچاو گیراوە یان لەڕووی ئاکارییەوە باشــە. بەم شێوەیە، خستنەپاڵەوەی کردەوەیەک بە یاســا پێویستی بە هیچ داواکارییەکی هەڵسەنگێنەری ئەستوور نییە.

**ئارگیومێنت لە ڕوانگەی ناوخۆییەوە**

مشــتومڕی دووەمی سروشتی بە قازانجی بینینی بیردۆزی یاسایی وەک هەڵسەنگێنەرێکی سروشتی بە مانای پەیوەندیدار پشت بەو بیرۆکەیە دەبەستێت کە هەر بیردۆزێکی یاسایی پێویست دەبێت ڕەچاوی تێڕوانینی ناوخۆیی بکات کە پسپۆڕانی یاسایی دەیانەوێت بەرەو یاسا هەڵبگرن. بە شێوەیەکی دیاریکراوتر وەرگرتنی تێڕوانینی ناوخۆیی بەرامبەر بە یاســا مەســەلەی گرتنەبەری جۆرێک لە هەڵوێســت وەرگرتنە بەرامبەری و بینینی وەک چۆن لە هەندێک مانادا پاســاوی بــۆ دادەنرێت یان وەک هۆکاری کردەوەیی دابیــن دەکات (Shapiro 2011, 96–97; Perry 1995, 99–100؛ هەروەهــا ســەیری سەروشــەی پۆزیتیڤیزمی یاســایی بکەن). سەرەڕای ئەوەش، ئاساییە وا بیر بکەینەوە کە کۆمەڵێک لە بەشداربووان لە مومارەسەی یاسایی دەبێت تێڕوانینی ناوخۆیی بەرەو کردەوەکە بگرنەبەر بۆ ئەوەی کردەوەکە لە ڕاستیدا بە یاســا بژمێردرێت. ئەمە ڕاســتییەکە کە هەر بیردۆزێکی یاسایی پێویســت دەبێت حسابی بۆ بکات، و لەوانەیە بیری لێ بکاتەوە. بەم پێیە، چونکە تێڕوانینی ناوخۆیی هەڵســەنگاندنێکی پۆزەتیڤی یاســا لەخۆ دەگرێت و لەبەر ئەوەی هەر بیردۆزێکی یاســایی پێویســت دەبێت حســاب بۆ ئــەم ڕوانگەیە بکات، لەوانەیە دەستنیشانی بکات کە هەر بیردۆزێکی یاسایی پێویست دەبێت خۆی بە شێوەیەکی بنچینەیی و خۆڕسک هەڵسەنگێنەر بێت (دەقی ئەم جۆرە مشتومڕە دەبینینەوە، بۆ نموونە، لە ;Perry 1995, 121–25 (.Waldron 2001, 423–28

بەڵام ڕوون نییە کە ئایا ئەم ئارگیومێنتە سەر دەکەوێت یان نا. هەر چۆنێک بێت، لە پرەنسیپدا وا دەر دەکەوێت کە مەیسەر بێت ڕوونی بکاتەوە کە چ جۆرە ڕەچاوکردنێکی یاسایی پەسەند دەکات، و بۆچی،

بەبێ ئەوەی خۆی ئەو ڕەچاوکردنانە پەسەند بکات. بە هەمان شێوە، بیردۆزی یاسایی ڕیزبەندی یەکەم لەوانەیە بتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو ڕاستییە بەڵگەنەویستە ڕوون بکاتەوە کە پسپۆڕانی یاسایی دەیانەوێت تێڕوانینی ناوخۆیی لە هەمبەر یاسا لە بواری پێوەندیداریان هەبێت (واتە، پەسەند و مۆرکردن)، بەبێ ئەوەی ئەو بیردۆزە بەم بانگەشە بەڵێندار (پابەند) بێت کە یاسا لە هەر دەسەڵاتی دادوەریی تایبەت (یان یاسا بە شێوەی گشتی) جێی بایەخ یان پاساوهەڵگر بێت. بەم پێیە دیار نییە بۆچی بیردۆزێکی یاسا ناتوانێت لە پرەنسیپدا ئەو تێڕوانینە ناوخۆییە بگرێت کە لە لایەن پسپۆڕانی یاساییەوە بەرامبەر بە یاسا گیراوە بەبێ ئەوەی خۆی پابەند بێت بە هەر داواکارییەکی هەڵسەنگێنەرانەی ئەستوور لەسەر یاساکە.

**ئارگیومێنتی دەرەنجامی شرۆڤە**

لەوانەیە کاریگەرترین ئارگیومێنت بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە بیردۆزی یاسایی لە بنەڕەتدا هەڵسەنگێنراوە لەسەر ئەو بیرۆکەیەی کە بیردۆزی یاسایی هەوڵێکی لێکدانەوەیە لە تێگەیشتنی دۆرکین (Dworkin 1986؛ بۆ ڕەخنە، بڕوانە Dickson 2001, 105; Marmor 2011, 126–30). بۆ گوتنی ئەوەی کە بیردۆزی یاسایی پرۆژەیەکی لێکدانەوەیە ئەوەیە کە بانگەشەی ئەوە بکەین کە تێگەیشتنی تەواو لەوەی کە یاسا پێویستی بە هەموارکردنی هەیە وەک باشترین نموونە دەتوانێت لە جۆری ئەو شتە بێت کە تێیدایە. سەرەڕای ئەوەش، لەوانەیە کەسێک وا بیر بکاتەوە کە بۆ ئەوەی کردەوەی یاسایی وەک باشترین نموونەی لەو جۆرە شتە بێت، پێویستە داواکاریی هەڵسەنگێنەری ئەستوور دەربارەی یاسا بکات. (سەیری سەروشەی شرۆڤەی یاسایی بکەن.)

لەوانەیە هەوڵ بدرێت بە دوو شێواز وەڵامی ئەم باسە بدرێتەوە. یەکەمیان وەڵامی سروشتی، هەرچەندە لە کۆتاییدا سەرکەوتوو نەبوو، وەڵامدانەوەی ئەوەیە کە دانانی شتێک وەک باشترین نموونە لە جۆری خۆی کە دەکرێت پێویستی بە وەرگرتنی ئەو جۆرە نەبێت بۆ ئەوەی باش بێت. وتنی ئەوەی کە بێرنی مادۆف (بۆ ماوەیەک) باشترین فێڵباز بوو لە مێژوودا ئەوە ناگەیەنێت کە کەسێک ساختەکاری پەسەند بکات. لە ئەنجامدا وتیان کە یاساکە دەبێت بەم شێوەیە بێت و بۆیە بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەکی باش لە جۆری خۆی، تاک بە هیچ داواکارییەکی چڕی (ئەستوور) هەڵسەنگێنەری پابەند ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا، هەستێکی قووڵتر یان سەرنجڕاکێشتر هەیە کە تێیدا لە ڕوانگەی دۆرکین بیردۆزی یاسایی بە شێوەیەکی بنچینەیی هەڵدەسەنگێنێت. بۆ دۆرکین، بیردۆزی یاسایی کۆمپانیایەکی لێکدانەوەیە، و پێشکەشکردنی لێکدانەوەیەکی بنیاتنەرانەی کردەوەی یاسایی پێویستی بە داپۆشینی لە باشترین ڕووناکیی ئاکاریدا هەیە.

بەم شێوەیە، پێشکەشکردنی لێکدانەوەیەک بۆ کردەوەی یاسایی پێویستی بە هەڵوێست وەرگرتن دەبێت لەسەر کام لە ڕێگا بەردەستەکانی وەستاندنی ئەو کردەوەیە لە ڕووی ئاکارییەوە باشترە لە ئەوانی تر. بە دڵنیاییەوە، ئەمە پێویستی بە دووپاتکردنەوە نییە کە یاسا لەسەر هەر دەستوورێکی دیاریکراودا باشە. بەڵام وا دیارە پێویست دەکات بە لایەنی کەمەوە بڵێت کە هەندێک لە کردەوە یاساییەکان لە ڕووی ڕەوشتەوە باشترن لە شتە ئاساییەکانی تر. ئەمە وا دیارە کە داواکارییەکی هەڵسەنگێنەری ئەستوورە، هەرچەندە بەراوردکارانە بێت. سەرەڕای ئەوەش، مرۆڤ ناتوانێت ئەم جۆرە حوکمە بەراوردکارییانە بکات بەبێ ئەوەی بۆچوونێک هەبێت دەربارەی ئەوەی کە یەکێک لە کردەوە یاساییەکان لە ڕووی ئاکارییەوە باشتر دەبێت لە یەکێکی تر. کەواتە لانیکەم وەرگرتنی بیردۆزی یاسایی بۆ ئەوەی ببێتە هەوڵێک کە لێکدانەوەیە بە مانای دۆرکین دەبێتە هۆی ئەوەی بیردۆزی یاسایی بە شێوەیەکی بنچینەیی هەڵسەنگێنەر بێت بەو مانایەی کە ئێمە لێرەدا ئاوڕی لێ دەدەینەوە.

بەم پێیە، ئەگەر کەسێک بیەوێت ئەگەری بیردۆزە یاساییەکانی ڕیزبەندی یەکەم بپارێزێت، ستراتیژییەکی بەڵێندەرانەتر بۆ وەڵامدانەوەی مشتومڕێکی دەرەنجامی شرۆڤەکە، بردنە ژێر پرسیاری سەرەکیترین گریمانەکەیە، واتە بیردۆزی یاسایی بەدڵنیاییەوە هەوڵێکی شرۆڤەییە لە ڕوانگەی دورکینەوە. بۆ ئەوەی لایەنگرێکی ئەو باسە لە لێکدانەوەوە ئەم پێشەکییە بسەلمێنێت، دەبێت هەندێک هۆکاری بۆ بهێنێتەوە. واتە هەندێک مشتومڕ پێویستە بۆ ڕوونکردنەوە کە بۆچی دەبێت وا بیر بکەینەوە کە تێگەیشتن لە یاسا پێویستی بە لێکدانەوەیەکی بنیاتنەرانەیە. ڕەخنەگرێک لە مشتومڕەکە لە ڕێگەی شرۆڤەوە، لەوانەیە بانگەشەی ئەوە بکات کە لایەنگرانی باسەکە هەڵگری بارەکەی (ئەرکی) خۆیان نەبوون بۆ دابینکردنی و ئاراستەی هۆکارە عەقڵانییەکان بۆ ئەم پێشەکییە، کە مشتومڕەکە بە شێوەیەکی گرنگ پشتی پێ دەبەستێت.

یەکێک لە هۆکارە گونجاوەکان کە لەوانەیە لێرەدا پێشکەش بکرێت ئەوەیە کە لەو کاتەوەی کردەوە کۆمەڵایەتییەکان لە بنچینەدا تێوەگلاون بە پێوەندییەکان، و تێگەیشتن لە هەر شێوازێک لە پەیوەندییەکان بەپێویست بریتییە لە لێکدانەوەی بانگەشەکانی وتەبێژەکان، تێگەیشتن لە کردەوەی کۆمەڵایەتیی یاسا لێکدانەوە لەخۆ دەگرێت. هەرچۆنێک بێت ئەم عەقڵانیەتە زۆر خێرایە. تەنانەت ئەگەر ڕاست بێت تێگەیشتن لە هەر کردەوەیەکی کۆمەڵایەتی پێویستی بە لێکدانەوەی جۆرێک یان جۆرێکی تر هەیە، بە دوای ئەوەدا نایەت کە ئەم کارە پێویستی بە لێکدانەوەیەکی بنیاتنەرانە لە هەستی دۆرکیندا هەیە، واتە دەستنیشانکردنی چەقی کردەوەیەک کە لە باشترین ڕووناکیی ئاکاریی خۆیدایە (Marmor 2011,

127–28). بەڵام ئەم بانگەشـەیەی دوایی بێ گومان ئەوەیە کە لایەنگرانی مشـتومڕەکە لە لێکدانەوەوە پێویسـتیان بە دامەزراندنی هەیە بۆ گەیشـتن بە ئەنجامە خوازراوەکەیان کە بیردۆزی یاسایی لە بنچینەدا هەڵسەنگێنەرە.

بەم پێیە، وا دیارە ئێمە لەم دۆخە دیالێکتیکییەی خوارەوەدا ماوین. ئایا بیردۆزی یاسایی بە شێوەیەکی بنچینەیی هەڵسـەنگێنەرە بە مانای پەیوەندیدار یان نا، پەیوەستە بەوەی کە ئایا مشتومڕەکە لە شرۆڤەوەوە سـەرکەوتوو دەبێت یان نا. ئەگەر ئەو مشـتومڕە سـەرکەوتوو بێت، بە نۆرەی خۆی، پشـت دەبەستێت بە گریمانە سـەرەکییەکەی، واتە ئەو بانگەشـەیەی کە تێگەیشـتن لە یاسا پێویسـتی بە لێکدانەوەیەکی بنیاتنەرانـەی هەیە بۆی. ئەگەر ئارگیومێنتێکی بێ پرسـیار بۆ ئەم داوایە بدرێـت، ئەوا هۆکار دەبێت بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە بیردۆزی یاسایی بەپێویست لە سروشتدا هەڵسەنگێنەرە. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر هیچ مشـتومڕێکی بێ پرسیار نەدرێت بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە تێگەیشتن لە یاسا پێویستی بە لێکدانەوەیەکی بنیاتنەر هەیە، ئەوا مرۆڤ ئازاد دەبێت بۆ پاراسـتنی ئەوەی کە دەکرێت بە تەواوی بیردۆزە یاسـاییەکانی ڕیزبەندی یەکەمی وەسفی بێت.

بێ گومان ئەگەر مشـتومڕی دەرەنجامی شرۆڤە شکسـت بهێنێت و بیردۆزە یاسـاییەکان بەهەمان شـێوە تەواو وەسـفی بمێنێتەوە، ئەوا هێشـتا دەکرێت پرۆژەیەکی بەنرخ بێت بۆ هەوڵدان بۆ ئاراسـتەی لێکدانەوەیەکی بنیاتنەرانەی پراکتیکی یاسـایی و دەرهاویشتەی ئەم پرۆژەیە بەڕاستی دەبێتە بیردۆزی تا ڕادەیەک هەڵسەنگێنەرانە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم دوو جۆرە بیردۆزە بە ڕاستی لە ململانێدا نابن، چونکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری جیاواز دەپرسرێن. لە کۆتاییدا، «پلۆرالیزمی میتۆدی» لەوانەیە ببێتە تایبەتمەندیی هەرە باش لە دۆخی ڕۆڵگێڕان لە مەعریفەی یاسادا.

## ژێدەرەکان


Asgeirsson, Hrafn, forthcoming, *The Nature and Value of Vagueness in the Law*, Oxford: Hart Publishing.

——, 2015, "On the Instrumental Value of Vagueness in the Law", *Ethics*, 125(2): 425–448.

Aquinas, St. Thomas, *Summa Theologica*, available online in English translation.

Augustine, *De Libero Arbitrio*, On Free Choice of the Will, translated by Thomas

Williams, Indianapolis: Hackett Publishing, 1995.

Austin, John, 1832, *The Province of Jurisprudence Determined*, London: Weidenfeld & Nicolson, 1954.

Bealer, George, 1998, "Intuition and the Autonomy of Philosophy", in M. DePaul and W. Ramsey (eds.), *Rethinking Intuition: The Psychology of Intuition and Its Role in Philosophical Inquiry*, Lanham, MD: Rowman & Littlefield, pp. 201–239.

Burazin, Luka, Kenneth Einar Himma and Corrado Roversi (eds.), 2018, *Law as An Artifact*, Oxford: Oxford University Press.

Campbell, Tom D., 1996, *The Legal Theory of Ethical Positivism*, Aldershot: Dartmouth.

Coleman, Jules, 1998, "Incorporationism, Conventionality, and The Practical Difference Thesis", *Legal Theory*, 4: 381–425.

–––, 2001a, *The Practice of Principle*, Oxford: Oxford University Press.

Coleman, Jules (ed.), 2001b, *Hart's postscript: Essays on the Postscript to 'The Concept of Law'*, Oxford: Oxford University Press.

Cummins, Robert, 1998, "Reflection on Reflective Equilibrium", *Rethinking Intuition: The Psychology of Intuition and Its Role in Philosophical Inquiry*, M. DePaul and W. Ramsey (eds.), Rowman & Littlefield, Lanham, MD, 113–128.

Dickson, Julie, 2001, *Evaluation and Legal Theory*, Oxford: Hart Publishing.

–––, 2004, "Methodology in Jurisprudence: a critical survey", *Legal Theory*, 10(3): 117–156.

Dworkin, Ronald, 1977, *Taking Rights Seriously*, London: Duckworth.

–––, 1986, *Law's Empire*, Cambridge: Harvard University Press.

Enoch, David, 2011, "Giving Practical Reasons", *The Philosopher's Imprint*, 11(4): 1–22.

Finnis, John, 1980, *Natural Law and Natural Rights*, Oxford: Clarendon Press.

Gardner, John, 2001, "Legal Positivism: 5 ½ Myths", *American Journal of Jurisprudence*, 46: 199–227.

Green, Leslie, 1996, "The Concept of Law Revisited", *Michigan Law Review*, 94(6): 1687–1717.

Greenberg, Mark, 2014, "The Moral Impact Theory of Law", *Yale Law Journal*,

123: 1118.

Hart, H.L.A., 1961, *The Concept of Law*, Oxford: Clarendon Press; 2nd edition with postscript by J. Raz & P. Bulloch (eds.), Oxford: Oxford University Press, 1994.

Hershovitz, Scott, 2015, "The End of Jurisprudence", *Yale Law Journal*, 124: 1160.

Kelsen, Hans, 1945/1961, *General Theory of Law and State*, translated by Anders Wedberg, New York: Russell & Russell.

Leiter, Brian, 2007, *Naturalizing Jurisprudence: Essays on American Legal Realism and Naturalism in Legal Philosophy*, Oxford: Oxford University Press.

Lewis, David. 1969. *Convention*, Cambridge, MA: Harvard University Press.

MacCormick, Neil, 1985, "A Moralistic Case for A-Moralistic Law?", *Valparaiso University Law Review*, 20(1): 1–41.

Marmor, Andrei, 1992, *Interpretation and Legal Theory*, Oxford: Clarendon Press; revised 2nd edition, Hart Publishing, 2005.

–––, 2001, *Positive Law & Objective Values*, Oxford: Clarendon Press.

–––, 2011, *Philosophy of Law*, Princeton: Princeton University Press.

–––, 2013, "Farewell to Conceptual Analysis (in Jurisprudence)", in Waluchow & Sciaraffa (eds.), *Philosophical Foundations of the Nature of Law*, Oxford: Oxford University Press, pp. 209–229.

–––, 2014, *The Language of Law*, Oxford: Oxford University Press.

–––, 2016 [2018], "Norms, Reasons and the Law", *Cornell Legal Studies Research Paper No. 16-19*; reprinted in K. Himma et al. (eds.), *Unpacking Normativity*, Oxford: Hart Publishing, 2018.

–––, 2018, "Law as Authoritative Fiction", *Law and Philosophy*, 37: 473.

–––, 2019, "What's Left of General Jurisprudence: On Law's Ontology and Content", *Jurisprudence*, 10: 151–170.

Moore, Michael, 1998, "Hart's Concluding Unscientific Postscript", *Legal Theory*, 4: 301–327 .

Murphy, Liam, 2001, "The Political Question of the Concept of Law," in Coleman, Jules (ed.), *Hart's postscript: Essays on the Postscript to 'The Concept of Law'*, Oxford: Oxford University Press, Oxford: Oxford University Press, pp. 371–409.

Perry, Stephen, 2001, "Hart's Methodological Positivism", in Coleman, Jules (ed.),

*Hart's postscript: Essays on the Postscript to 'The Concept of Law'*, Oxford: Oxford University Press, pp. 311–354.

Plunkett, David and Scott Shapiro, 2017, "Law, Morality, and Everything Else: General Jurisprudence as a Branch of Metanormative Inquiry", *Ethics*, 128(1): 37–68.

Postema, Gerald, 1989, *Bentham and the Common Law Tradition*, Oxford: Clarendon Press.

–––, 2015, "On the Instrumental Value of Vagueness in the Law", *Ethics*, 125(2): 425–448.

Raz, Joseph, 1972, "Legal Principles and the Limits of Law", *The Yale Law Journal*, 81 (5): 823–854; reprinted in M. Cohen (ed.), *Ronald Dworkin and Contemporary Jurisprudence*, Totowa, NJ: Rowman & Allanheld, 1984.

–––, 1979, *The Authority of Law*, Oxford: Clarendon Press.

–––, 1994, "Law, Authority and Morality", in J. Raz, *Ethics In The Public Domain*, Oxford: Clarendon Press, Chapter 9.

–––, 2004, "Can there be a Theory of Law?", in Golding & Edmundson (eds), *The Blackwell Guide to the Philosophy of Law and Legal Theory*, Oxford: Blackwell.

Rosen, Gideon, 2010, "Metaphysical Dependence: Grounding and Reduction", in B. Hale & A. Hoffman (eds.), *Modality: Metaphysics, Logic and Epistemology*, Oxford: Oxford University Press, 109–136.

Sarch, Alexander, 2010, "Bealer and the Autonomy of Philosophy," *Synthese*, 172: 451–474.

Schauer, Fredrick, 1996, "Positivism as Pariah," in *The Autonomy of Law: Essays on Legal Positivism*, Robert P. George (ed.), Oxford: Oxford University Press, pp. 31–55.

Schroeder, Mark, 2007, *Slaves of the Passions*, Oxford: Oxford University Press.

Shapiro, Scott, 2011, *Legality*, Cambridge, MA: Harvard University Press.

Stavropoulos, Nicos, 2012, "Obligations and the Legal Point of View," in *The Routledge Companion to Philosophy of Law*, A. Marmor (ed.), London: Routledge.

Waldron, Jeremy, 2001, "Normative (or Ethical) Positivism", in Jules Coleman (ed.), *Hart's postscript: Essays on the Postscript to 'The Concept of Law'*, Oxford:

Oxford University Press, pp. 410–434.

Waluchow, Wil, 1994, *Inclusive Legal Positivism*, Oxford: Clarendon Press.